# سەرچاوەکانی هێزی نەرمی کۆماری کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان (کۆیکا وەک نمونە)

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە نامەی ماستەر لەژێر ناونیشانی (کاریگەری هێزی نەرمی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان لەدوای ٢٠٠٣) بە سەرپەرشتی د. هێمن نامق جمیل، وەك یەكێك لە پێداویستییەكانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر


**پ.ی.د.هێمن نامق جمیل [١] نەسرین كمال احمد[٢]**

١ کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

٢ کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، هەرێمی کوردستان -عێراق



## پوختە

کۆریای باشوور گرنگی بە بەکارهێنانی هێزی نەرم دەدات لە سیاسەتی دەرەوەیدا. لەسەردەمی هاوچەرخدا هێزی نەرم شێوازێکی تری دروستکردنی کاریگەری دەوڵەتانە لەئاستی نێودەوڵەتی دا. ئەم چەمکە لەدوای جەنگی سارد بۆ یەکەمجار لەلایەن جوزێف نای بەکارهات بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گەشەکردنە خێرایەکەی کۆریا لە بواری ئابووری و تەکنەلۆژی دەوڵەتانی سەرسام کردووە و لە لوتکەی ڕیزبەندی دەوڵەتانی بەکارهێنەری هێزی نەرم لەدوای ئەمریکا، یابان و چین دەژمێردرێت، تەنانەت لە هەندێک بواردا کێبڕکێی ئەوانیش دەکات. چەندین دامەزراوە و ئامراز بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرمی خۆی بەکاردەهێنێت و چالاکانە پاڵپشتی دارایی و مەعنەویشیان دەکات. کۆیکا، کە سەر بە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆریایە، کاریگەرترین ئەو دامەزراوانەیە کە کۆریا ستراتیژییەتی هێزی نەرمی خۆی لەڕێگەیەوە جێبەجێ دەکات. کۆیکا چالاکییەکانی لەچوارچێوەی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی لەگشت دەوڵەتان ئەنجام دەدات، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی لە پرۆسەی گەشەکردنن. گشت چالاکییەکانی کۆیکا لەچوارچێوەی هێزی نەرمە و سەرچاوەیەکی سەرەکی هێزی نەرمی کۆریایە لەگشت دەوڵەتان. لە ئێستادا نوسینگەی زیاتر لە ٤٦ ووڵات هەیە. لەعێراق دا دوو نوسینگەی هەیە، یەکێکیان لە بەغداد و ئەوی تریشیان لە هەرێمی کوردستان لە (هەولێر)ە. کۆیکا لەدوای ٢٠٠٣ ەوە، دەرفەتی کارکردنی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ڕەخساوە کاتێک لەچوارچێوەی پرۆژەی هاوکاری و دووبارە بنیاتنانەوە دێنە هەرێمی کوردستان. لەساڵی ٢٠٠٤ نوسینگەی سەرەکی خۆی دەکاتەوە و لەو کاتە بەدواوە کاریگەرییەی زۆری لەسەر سیستەمی پەروەردە و تەندروستی و کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە. کۆیکا کاریکردووە لەبواری پێشکەشکردنی هاوکاری، ڕاهێنانکردن بە کارمەند و بەرپرسانی کەرتی گشتی حکومەتی هەرێم لە کوردستان و لە کۆریا و هەروەها کردنەوەی چەندین بەرنامەی سکۆڵەرشیپ بۆ خوازیارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا. جگە لە بەشداریکردن لە هەندێک لەو پرۆگرامانەی کە حکومەتی هەرێم ئەنجامی داوە بۆ گەشەکردنی زیاتر وەکو: دامەزراندنی سەنتەرەکانی ڕاهێنان و بە ئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکانی.

وووشە کلیلیەکان: (هێز، هێزی نەرم، سیاسەتی دەرەوە، کۆیکا، گەشەپێدانی نێودەوڵەتی)


١. پێشەکی

تیۆری هێز ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان و سیاسەتی نێودەوڵەتی. تاوەکو جەنگی سارد، هێز بەمانا کلاسیکییەکەی شیکردنەوەی بۆ دەکرا کە مەبەستیان تەنها هێزی سەربازی و ئابووری بوو. بەڵام لەدوای جەنگی سارد چەمکی هێزی نەرم بۆ یەکەمجار لەلایەن جوزێف نای بەکارهات لە ساڵی ١٩٩٠ لە ووتاری (Soft Power). کەمەبەستی لەهێزی نەرم ڕووە نامادییەکانی هێز بوو. نای لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەوڵەتان چیتر ناتوانن تەنها بە پشت بەستن بە هێزی سەربازی و ئابووری (هێزی توند) هێز و کاریگەری دروستبکەن و پەرەی پێبدەن. بەڵکو دەکرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە نامادیەکانیش کاریگەری و پێگەی دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی تر پەرەپێبدرێت. نای لەچوارچێوەی سێ سەرچاوەی گرنگی وەک: کولتوور، بەها سیاسیەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی شیکردنەوە بۆ هێزی نەرم دەکات. هەرچەندە ئەو چەمکە سەرەتا بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەکارهات. بەڵام دواتر لەلایەن بیرمەندی تری وەک ئەلیکسەندەر ڤۆلڤینگ، گوین لی و ..هتد بەکارهات و وەک تیۆرییەک بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بەکارهات.

کۆریای باشوور وەک دەوڵەتێکی خاوەن هێزی مامناوەند زۆر بایەخ بە هێزی


مجلة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5 ، العدد 1 ( 2024 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 8 فبراير 2024

حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

نەرم دەدات لە سیاسەتی دەرەوەیدا. وەک دەوڵەتێک کە لە ماوەیەکی زۆر کەم توانی لە دەوڵەتێکی هەژارەوە ببێتە خاوەن هێزی گەشەی ئابووری و تەکنەلۆژی و بەشداریکەرێکی سەرەکی بێت لە ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (Organization for Economic Co-operation and Development - OECD). لەپێناو ئەوەش چەندین ئاژانس و دامەزراوەی دامەزراندووە، کە حکومەتی کۆریا هەموو هاوکارییەکی ماددی و مەعنەویان لە ئەستۆدەگرێت. ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی کۆریای باشوور (کۆیکا (Korea International Cooperation Agency – KOICA یەکێکە لەو دامەزراوە سەرەکییانە کە سەر بە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆریایە و بەشداریکارێکی سەرەکی ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانە. لەساڵی ٢٠٠٤ نوسینگەی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە بۆ بەشداریکردن لە پێشکەشکردنی هاوکاری و دووبارە بنیاتنانەوەی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق. سەرچاوەیەکی سەرەکی هێزی نەرمی کۆریایە لە هەرێمی کوردستان کە لەسەرەتای دامەزراندنی نوسینگەکەیان تاوەکو ئێستا چەندین هاوکاری و بەرنامەی گەشەپێدانیان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێکردووە بۆ زیاتر پێشخستنی بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک پەروەردە، تەندروستی، کارگێڕی و بەڕێوەبردن و ...هتد.

### ١.١ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پیشاندان و شیکردنەوەی ئەو کار و پرۆژانەیە کە کۆریا لەڕێگەی کۆیکا، لەچوارچێوە و وەک سەرچاوەیەکی کارای هێزی نەرم لە هەرێمی کوردستان. جێبەجێیکردووە.

### ١.٢ گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە نیشاندانی کۆیکا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی هێزی نەرمی کۆریا لە هەرێمی کوردستان. شیکردنەوەی ئەوەی کە کۆیکا چ بەرنامە و پرۆژەیەکی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، ئەو بەرنامە و پرۆژانە لەچوارچێوەیەکی ئەکادیمی شیبکرێنەوە، کە دواتر لایەنەکانی پەیوەندیدار سوودی لێوەربگرن.

### ١.٣ پرسیاری توێژینەوە .

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا کۆیکا دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی هێزی نەرمی کۆریای باشوور سەیربکرێت؟ ئایا سەرچاوەیەکی سەرەکی هێزی نەرمی کۆریایە لە هەرێمی کوردستان؟.

### ١.٤ گریمانەی توێژینەوە:

کۆیکا سەرچاوەیەکی سەرەکی هێزی نەرمی کۆریایە. هەروەها گرنگترین سەرچاوەی هێزی نەرمی کۆریاشە لە هەرێمی کوردستان و هەماهەنگە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

### ١.٥ میتۆدی توێژینەوە:

سروشتی ئەم توێژینەوەیە وا دەخوازێت کە لە بەشی یەکەم و دووەم سوود لە میتۆدی وەسفی و شیکاری و مێژوویی وەربگرین بۆ پیشاندان و وەسفکردنی تیۆری هێز و هێزی نەرم، هێزی نەرمی کۆریا. هەروەها بۆ ئاماژەکردن و پیشاندانی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆریای باشوور میتۆدی مێژوویی بەکارهاتووە. هەروەها لەبەرئەوەی بابەتەکە بابەتێکی مەیدانییە، پێویستمان بە بەکارهێنانی چاوپێکەوتن و کۆکردنەوەی داتا بووە بۆ خستنەڕووی ئەوکار و پرۆژانەی کە کۆیکا ئەنجامی داون. هەروەها بۆ خستنەڕووی شێوازی کارکردن و کاریگەرییان لە هەرێمی کوردستان، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەو لایەن و کەسانە کردووە کە ڕاستەوخۆ بەریەککەوتنیان لەگەڵ کۆرییەکان و کۆیکا هەبووە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ خودی ستافی کۆیکا لە هەرێمی کوردستان کراوە.

## ٢. شیکردنەوەی چوارچێوەی تیۆری

بۆ تێگەیشتن لەوەی کە کۆیکا سەرچاوەیەکی سەرەکی هێزی نەرمی کۆریایە لە هەرێمی کوردستان، پێویستە باس لە چوارچێوەی تیۆری چەمکەکانی هێز و هێزی نەرم بکرێت. لێرەدا لە دوو تەوەرەی جیاوازدا ئاماژە بەو چەمکانە دەدرێت. پاشان ئاماژە بە سەرچاوەکانی هێزی نەرم دەکرێت لە تەوەرەیەکی تردا.

### ٢.١ پێناسەی چەمکەکانی (هێز و هێزی نەرم)

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی هێزی نەرمی کۆریای باشوور، پێویستە هەندێک چەمکی گرنگی پەیوەست بەو بابەتە شیبکرێنەوە.

#### ٢.١.١ چەمکی هێز

هێز تیۆرییەکی گرنگی شیکردنەوەی دیاردەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەیە. لەڕووی زمانەوانی هێز لەزمانی ئینگلیزیدا لە وشەی "Power" وەرگیراوە، کە ئەم وشەیە لە وشەی فەرەنسی- "Pouvoir" وەرگیراوە. وشەیەکی لاتینییە و واتای توانا دەبەخشێت. توانا دوو مانا لەخۆ دەگرێت: یەکەمیان مانای هێز دەگرێتەوە، کە مەبەستی هێزی سەربازی یان هێزی بیرۆکەکانە. دووەم: بە دەسەڵاتی سیاسی دەگووترێ (الكعود ٢٠١٦: ص. ١٨).

لەمێژووی مرۆیی دا هێز چەمکێکی بنەڕەتی پەیوەست بە دیاردە سیاسییەکان بووە، چەمکێکی ناڕوون و گۆڕاوە و تێگەیشتن لێی پەیوەستە بە دەرەنجامی تواناکانی مرۆڤ. بەڵام هێزی دەوڵەت یەکێکە لە فاکتەرەکان کە گرنگی و پێگەی دەوڵەت دەردەخات لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕۆڵەکەی دیاری دەکات لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی (رحيم، ٢٠١١: ص. ٧). هەروەها مۆدێلیسکی دەڵێت

"بەکارهێنانی پەیامەکانی بەردەستی دەوڵەت بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەفتارێکی خوازراوە، وڵاتانی دیکەش شوێنی دەکەون" (اليامنة،٢٠١٩: ص. ٢٤). لەڕوانگەی ماکس ویبەر (Max Weber) هێز توانا بە نەتەوەیەک دەبەخشێت هەتا ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت (Baek, 2014: P. 1). لەتێڕوانینی پرۆفیسۆر ئیبراهیم دەرویش هێز بەمانای کاریگەری کاریگەرییە (نفوذ التأثير) لەسەر هەڵسوکەوتی ئەوانی تر (اليامنة،٢٠١٩: ص. ٢٤). بەڵام ئەگەر پێناسەیەکی فراوانی هێز بکەین، بریتی یە لە "کۆی گشتی هێز و تواناکانی دەوڵەت کە هەیەتی و جێبەجێی کردووە لەپێناو پەرەپێدانی بەرژەوەندی و ئامانجە نەتەوەییەکانی (توفيق ٢٠١٨: ص. ٣٢١). بیرمەندان و توێژەران ڕای جیاوازییان لەسەر چەمکی هێز هەیە. بەڵام زۆرینەی پێناسەکان لەدەوری ئەو بیرکردنەوەیە دەخولێنەوە کە "هێز توانای دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر ڕەفتاری ئەوانی تر"، کە واتای بوونی پەیوەندییەکی ڕەفتارییە لەنێوان دوو لایەن، یەکێکیان هەوڵی کاریگەری دەدات لەسەر ڕەفتاری ئەوی تر لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی. بەڵام گرنگە تایبەتمەندی و ڕەگەزەکانی هێز بزانرێت کە ئەمانەن: هێز ئامرازی بەدەستهێنانی ئامانجێک یان چەند ئامانجێکی دیاریکراوە، مەودای کاریگەرییەکەی فراوان و جیاجیایە، بەهایەکەی ڕێژەییە نەک ڕەهاو بەردەوام لە گۆڕاندایە (حسين ٢٠١٦: ص ٤٣).

بەشێوەیەکی گشتی هێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دابەشکراوە بۆ سەر چەند جۆرێک:

٢.١.١.١ هێزی توند (Hard Power): هێزی توند چەمکی کلاسیکی هێزە و پێناسە دەکرێت بە توانای سەپاندنی کۆنترۆڵ بەسەر کەسانی تردا لەڕێگەی زۆرەملێ یان هاندانێکی ماددی، کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم هێزە: هێزی سەربازی و ئابوورییە. ڕیالیستەکان پێیان وایە بەهۆی ئاژاوەی نێودەوڵەتی، ئەکتەرەکان پێویستی بەپەلە و هەمیشەییان بەبوونی هێز هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان. جگە لە هێزی سەربازی و ئابووری، ژمارەی دانیشتوان و سامانە سروشتییەکانیش سەرچاوەی هێزی ڕەقن، چونکە لایەنی ماددی هێزن و بەکاردەهێنرێن لەلایەن ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان لەپێناو زۆرترین سوود (اليامنة،٢٠١٩: ص. ٢٦).

٢.١.١.٢ هێزی نەرم (Soft Power): جوزێف نای بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٠ لە ووتاری (Soft Power) لە گۆڤاری سیاسەتی دەرەوە ئەو چەمکەی بەکارهێنا، تێیدا جەختی کردبووە سەر رووە نامادییەکانی هێز کە بریتین لە (سەرنجڕاکێشی کولتووری، بەها سیاسییەکان و دبلۆماسییەتی گشتی) (معوض، علي جلال ٢٠١٩: ص ١١-١٢). لە شیکردنەوەی چەمکی هێز زۆر بە ووردی باس لە هێزی نەرم دەکەین.

٢.١.١.٣ هێزی زیرەک (Smart Power): نای لەساڵی ٢٠٠٣ دا چەمکی هێزی زیرەکی پێشکەشکرد وەک وەڵامێک بۆ هەڵەی ئەو بۆچوونەی کە پێی وابوو هێزی نەرم دەتوانێت بەتەنها کاریکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، بەهۆی پێشهاتە نێودەوڵەتییەکانەوە، دەرکەوت ناتوانرێت هێزی نەرم بەتەنها بەکاربهێنرێت. بۆیە لەپێناو ستراتیژییەتێکی فراوانتر و گشتگیرتر پێویستە گونجاندن بکرێت لەڕێگەی کۆکردنەوەی هێزی نەرم و توند (اليامنة،٢٠١٩: ص. ٣٠)، کە چەمکی هێزی زیرەک یەکگرتن و تێکەڵکردنی زیرەکی دیپلۆماسی، بەرگری، گەشەپێدان و ئامرازەکانی دیکەی هێزی توند و هێزی نەرمە. کە زیاتر لە سیاسەتی ئۆباما سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا و هیلاری کلنتۆندا بوونی هەبووە (Nye 2023: P. 23).

٢.١.١.٤ هێزی تیژ (Sharp Power): هێزی تیژ پرسێکی لەمێژینەیە و لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بوونی هەیە، هەروەک نای ئاماژەی پێدەکات هێزی تیژ زاراوایەکی نوێیە کە وەکو هەڕەشەیەکی کۆن وەسفی ئەو زاراوەیە دەکات، نموونەی دەستکاریکردنی زانیارییەکان دەهێنێتەوە لە جەنگی ساردا لەلایەن ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت، هەروەها ئەو جەنگە زانیارییەی کە ئێستا لەنێوان ئەمریکا و چیندا هەیە (Shao 2019: P. 134). ئەو چەمکە لەساڵی ٢٠١٧ لەلایەن کۆڕبەندی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە دیموکراسییەکان(IFDS) پێشنیازکراوە، ئاماژەیە بۆ توانای ڕژێمێک بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر تێڕوانینەکانی هەوادارانی لە وڵاتانی ئامانجدار بەمەبەستی گۆڕینەوەی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیان و تێکدانی سیستەمی سیاسی، لەڕێگەی بەکارهێنانی کارامەیی زانیاری (Shao 2019: P. 129).

### ٢.١.٢ چەمکی هێزی نەرم

پرۆفیسۆر جوزێف نای بنچینەی گفتوگۆی پەیوەست بە هێزی نەرم دانا، ئەو چەمکەی بۆ شیکردنەوە و پێشبینیکردنی هەژموونی بەردەوامی ئەمریکا بەکارهێنا (Lee 2009 P. 1). هێزی نەرم لەڕوانگەی نای (ئەو توانایەیە بەکاردەهێندرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەتەوێت لەڕێگەی سەرنجڕاکێشان زیاتر لە زۆرلێکردن و پارەپێدان). ڕوونی دەکاتەوە بە بەکارهێنانی هێزی نەرم دەتوانرێت وا لەوانی تر بکەیت ئەوەیان بوێت کە تۆ دەتەوێت بەبێ بەکارهێنانی زۆرلێکردن، گەشەدانی لایەنی سەربازی و ئابووری، بەڵکو لەڕێگەی سەرنجڕاکێشی کولتووری و نموونەی سیاسەت و ڕەفتارە سیاسییەکانی کە لەڕوانگەی ئەوانی تر ڕەوابێت (Nye, 2004: P. 256). نیل فیرگسۆن(Neil Ferguson) هێزی نەرم بەو شێوەیە پێناسە دەکات: هێزی ناکلاسیکییە وەک کاڵای ڕۆشنبیری بازرگانی. ابراهيم نوار بەوە پێناسەی دەکات کە ئەو هێزەیە کە وابەستەی بەدەستهێنانی کاریگەرییە لەڕێگەی ڕازیکردن و دابینکردنی دەرفەتەکان. پێشکەوتن و پێشکەشکردنی مۆدێلێکی سەرنجڕاکێش کە کەسانی دیکە وا لێ دەکات بۆ ئەوەی شوێن نموونەکەی ئەو بکەون و لاسایی بکەنەوە (الشامسي- ٢٠٢٠: ص ٧). جوشوا کیرلانتزک (Joshua Kurlantzk) پێناسەی هێزی نەرم دەکات وەک: " توانای نەتەوە بۆ ڕازیکردن و کاریگەری دانان لەسەر ئەوانی دیکە بەبێ هەڕەشە یان زۆرلێکردن، بەڵکو لەڕێگەی سەرنجڕاکێشی کۆمەڵگاکەی و بەهاکان و کولتوور و دامەزراوەکانی، ئەو سەرنجڕاکێشییەش لەڕێگەی کولتووری کۆمەڵگە و دیپلۆماسییەتی گشتی و تایبەت بەدەست دێت" (رحيم، ٢٠١١، ص. ٢١). هەروەها فیلیپ دۆد (Philip Dodd) هێزی نەرم پێناسە دەکات وەک: ڕێگایەکی بوونی مەیلی ئازاد و دیموکراسی و کراوەیی، کە بەشێوەیەکی سروشتی کاریگەری سیاسی و ئابووری هەیە (Brito 2010: P. 113).

هێزی نەرم سەرچاوەی کاریگەرییە، دەکرێت کاریگەری بەدەستبهێنرێت لە

زۆرلێکردن و پارەپێدان، بەڵام کاریگەری هێزی نەرم زیاترە لەوە، توانای سەرنجڕاکێشان و فریودانی ئەوانی ترە (Nye 2008: p. 95).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت پێناسە جیاوازەکانی هێزی نەرم لەنێوان دوولایەنی پەیوەندیداردا پۆلێن بکرێت و بەمەش لە کولتووری باوەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە هەموو جۆرە هێزێک جگە لە بەکارهێنانی کرداری هێزی سەربازی. ئەگەر پێناسەکە تەسک بکەینەوە، دەکرێت بگوترێت کە هێزی نەرم سنوردار دەکات بۆ هێزی دەوڵەت کە لە ئەنجامی سەرنجڕاکێشی زنجیرە فیلم و مۆسیقا و ڕۆمان و ئەدەب و وەرزش و چێشتخانە و خواردنەکانی، زنجیرە چێشتخانەکان و مۆدە و ڕەوتەکانی و بەرهەمە هونەرییەکانی تر و توخمەکانی کولتووری باو کە پڕوپاگەندە دەکات و لە سنورەکاندا بڵاودەبێتەوە لەنێوان هەوادارانی ئاسایی یان کۆمەڵە، نوخبەکانیش بەهەمان شێوە (معوض ٢٠١٩: ص ١٨).

هێزی نەرم چەند ڕەگەزێکی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە ئەوانیش: هەبوونی توانای دروستکردنی تێگەیشتنی ئەوانی تر لە وێناکردنی کولتوورەکەی و ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانی. توانای دروستکردنی خشتەی کاری سیاسی بۆ ئەوانی تر جا دوژمنی بێت یان پێشبڕکێکەری. توانای ڕاکێشانی سەرنجی نموونە و بەها و سیاسەتەکانی و ڕاستگۆیی و ڕەوایی لە دیدی ئەوانی تردا. توانای سەپاندنی ستراتیژییەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا بەوەی کە سەرەتا پەیوەندی بە کێ دەکات و چۆن پەیوەندی پێوە دەکات، توانای هەبێت لە گشتاندنی ڕووداو و واقیعەکان (الحاج حسن ٢٠١٨: ص. ٣٤).

لەچوارچێوەی هێزی نەرم دا دوو قوتابخانە پێشبڕکێ دەکەن، قوتابخانەی "کولتوور" کە زۆرینەی ڕایەکانی لەسەرە،و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ناوەڕۆکی هێزی نەرم کولتووره و ئەوانە زیاتر پەیوەستن بە سەرنجڕاکێشی و پیشاندانی جوانی. قوتابخانەی "سیاسەت"یش پێی وایە گرنگ نییە کەچی بەکاردەهێنیت، بەڵکو چۆن بەکاریان دەهێنیت، واتە بەکارهێنانی نەرمییانەی سەرچاوەکان ( Vuving 2009: P. 20).

### ٢.١.٣ سەرچاوەکانی هێزی نەرم

هێزی نەرم وەک لەپێشتر لەڕوانگەی نای ئاماژەمان پێداوە لە سێ سەرچاوەوە دروست دەبێت. کە ئەمانەن:-

١. کولتوور: کولتوور کۆمەڵێک بەها و ڕێسا و پراکتیکە کە قبوڵکراوە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگە، کە لە واقیع دا نکۆڵی لێناکرێ، چونکە ئەو ڕەفتار و ڕاستیانە دەگرێتەوە کە هەڵگری ڕەهەندی ئەبستراکین. لە ڕوانگەی ئێدوارد تایلۆر (Edward Taylor)کلتوور ئەو گرووپە ئاڵۆزەیە کە مەعریفە و بیروباوەڕ و هونەر و ماف واخلاق و یاسا و داب و نەریت و هەموو توانا و خووەکانی تر لەخۆ دەگرێت کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەستی هێناوە ( رحیم، ٢٠١١: ص. ٨٩).

کاتێک کلتووری وڵاتێک بەها گشتگیرەکان لەخۆدەگرێت و سیاسەتەکانی بەها و بەرژەوەندییەکان بەرەو پێش دەبەن کە ئەوانی دیکە لێی هاوبەشن، ئەگەری بەدەستهێنانی دەرەنجامە خوازراوەکەی زیاد دەکات بەهۆی پەیوەندی ڕاکێشان و ئەرک کە دروستی دەکات (Pallaver 2011: P. 94).کاتێک کولتووری دەوڵەتێک بەهای گەردوونی لەخۆ دەگرێت، سیاسەتی بەهاکان و بەرژەوەندییەکانی پەرە پێ دەدات کە ئەوانی تریش لێی هاوبەشن، دەرفەتی بەدەستهێنانی دەرهاوێشتە خوازراوەکانی زیاترە. هەندێک لە شیکەرەوەکان مامەڵە لەگەڵ هێزی نەرم دەکەن وەک ئەوەی بە سادەیی هێزی کولتووری باوبێت. بۆنموونە مێژوونووس نەیل فێرگسۆن وەسفی هێزی نەرم دەکات وەک "هێزە ناکلاسیکییەکانی وەک کولتوور و کەلوپەلی بازرگانی (Nye 2004: P. 11). سەرنجڕاکێشی و خۆشویستنی خەڵک بۆ کولتورێک زیاتر مەبەستی بەها کولتوورییەکانە نەک بەکارهێنەرانی بەرهەمەکانی ئەو دەوڵەتە. ئەوەتا چین لە ئێستادا سەدان دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسی دامەزراندووە بۆ گوتنەوەی زمان و کولتووری چین لەسەر ئاستی جیهان (Nye 2014: P. 20).

هەر بۆیە دبلۆماسییەتی کولتووری وڵاتان بووەتە بابەتێکی بنەڕەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان، لەسەردەمی زانیاریدا بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی کولتووری ئامرازی سەرەکی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەن. دامەزراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بایەخی سەرەکی بە کولتوور دەدەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی: پەروەردە، ڕاهێنان، توێژینەوەی زانستی، هونەر، مۆزەخانە، ئەرکە زانستییەکان، ناوەندە کولتوورییەکان، پرسەکانی گەنجان و ژنان (سلیم ٢٠٢١: ص. ٨). نای بۆ پێوانەکردنی چەندایەتی هێزی نەرمی کولتووری، هەناردەکردنی فیلمە تەلەفزیۆنییەکان، کۆی فرۆشتنی مۆسیقا و کتێبەکان، ژمارەی خوێندکارانی نێودەوڵەتی و ژمارەی گەشتیارانی دەرەکی، وەکو پێوانە بەکاردەهێنێت (Zheng 2019: P 21).

٢. بەها سیاسییەکان: بەها بریتییە لە چەمک یان بیروباوەڕی ئاڵۆز و فرە ڕەهەند و بنەماکانی ڕەفتار لەهەر کۆمەڵگەیەک (Jakobsen 2015: P. 47). زۆرێک لە بیرمەندان لەو باوەڕەدان کە بەها سیاسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ستانلی هۆفمان(Stanely Hoffman) پێی وایە کە بەهاکان لە ڕەفتاری دەرەکیدا، لە گرنگی ئەو ماف و ئەرک و بەرپرسیارییەتیانە دایە کە دەکەوێتە سەر تاک (رحیم، ٢٠١١: ص. ١٠٠). هەروەها فردریک هێنری(Frederick A. Henry) ئاماژە بەوە دەکات کە بەها سیاسییەکان لە سەرچاوە گرنگەکانی هێزی نەرمە، کاریگەرییان پەیوەستە بە گونجانیان لە سیاسەتی ناوەخۆیی و دەرەکی (رحیم، ٢٠١١: ص. ١٠١). نای لە ووتاری "دووجار بیربکەوە" ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بەها سیاسییانەی لە ئاستی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی پەیڕەو دەکرێن دەبنە سەرچاوەی پێکهێنەری هێزی نەرم، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بەهایانەی کاری پێدەکەن لەگەڵ ئەو بەهایانەی بانگەشەی بۆ دەکەن یەکبگرێتەوە، ئەوا دەبنە خاوەن ڕەوایەتی و ئامرازێکی بەهێزتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە (Zheng 2019: P 21.). بۆیە سیاسەتەکانی حکومەت لەناوخۆ و دەرەوە سەرچاوەیەکی تری شاراوەی هێزی نەرمە. بۆنمونە لەساڵانی ١٩٥٠ یەکان جیاکاری ڕەگەزی لە ناوخۆ، هێزی نەرمی ئەمریکای لە

ئەفریقیا کەمکردەوە (Nye 2004: P. 13). هەروەها دەکرێت سیاسەتەکانی حکومەت هێزی نەرمی دەوڵەتێک بەهێزبکات یان بەفیڕۆی بدات. بە تایبەت کاتێک ڕەفتارەکانی وا لێک بدرێتەوە کە سەرچاوەیان گرتووە لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی تەکسی- نەتەوە. بۆ نموونە ڕاپرسییەک کراوە لەسەر سەرنجڕاکێشی ئەمریکا لەدوای شەڕی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣، بەشداربووان ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا دەگرن لە شەڕی عێراق و بە تەنیا ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئەمریکای دەزانن نەک گوزارشت لە کولتوری ئەمریکی و خەڵکی ئەمریکی (Nye 2004: P. 14). واتا لەوێدا بەشداربووان جیاوازی دەکەن لە نێوان سیاسەتی گشتی ئەمریکا و خەڵکەکەی و کولتورەکەی. بۆیە بەڕێوەبردنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر دیدی ئەوانی دیکە بۆ هێزی نەرمی هەر دەوڵەتێک. بۆ نمونە کولتوور و ڕێساکانی لیبراڵی وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەتوانرێت سەرنجی زۆرینەی هاوڵاتیانی ئاسایی ڕابکێشێت لە سەرانسەری جیهاندا چونکە کۆمەڵگاکانیان سەرنجڕاکێشن و بەها و نۆرمەکان ژیان لە سیستەمێکی دیموکراسی لیبراڵ، لە سەر ئاستی دونیا ڕەواجی باشترە لە ژیانکردن لەژێر سایەی سیستمی دیکەی نا دیموکراسیدا (Vuving 2009: P. 15).

٣. دیبلۆماسیەتی گشتی: دیبلۆماسی گشتی بریتییە لەو ئامرازانەی دەوڵەتێک بەکاری دەهێنێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڵاتییانی وڵاتانی تر وەکو کولتور، هونەر، زانیاری، میدیا، زمان، یارمەتی ئابوری مرۆیی، بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجیان (Kim 2017: P. 2). جۆرج مۆدلێسکی(George Modelski) سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک وا پێناسە دەکات کە بریتییە لە ڕێکخستنی چالاکی دەوڵەت لەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا هەیەتی. بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتان لەمیانەی سیاسەتی دەرەکییانەوە هەوڵی ئەوە دەدەن بەرژەوەندی نیشتیمانی و ئاسایشی ناوەخۆیی و ئامانجە فکری و ئایدۆلۆژی و دەستکەوتە ئایدۆلۆژییەکانیان بپارێزن (حسین ٢٠١٨: ل. ١٩).

بابەتەکانی مافی مرۆڤ، گۆڕانی کەش و هەوا و ئازادی ئینتەرنێت، بەها سەرنج ڕاکێشەکانی دیبلۆماسێتی گشتین (Nye 2020 : P. 97). پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی ئامرازێکی ترە بۆ هێزی نەرم، کە نەک تەنها ئەکتەرە مەدەنییەکان، بەڵکو دەکرێت لەڕێگەی سەربازەکانەوەش پێشکەشبکرێت. بۆ نموونە یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بۆ بەشداری کردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوبژیوانی دانوستانی ئاشتییانە، نیشاندانی وێنای خۆیانە وەک ئەندامێکی بەرپرسیار و ئاشتیخواز و بەخشندەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. خزمەتگوزارییەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا لەتسۆنامی ٢٠٠٤ لە ئەندەنوسیا و وڵاتانی تری زیانلێکەوتوو دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیە ( Vuving 2009: P. 15).

دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەناڵێکی تر دەکەنەوە بۆ جێبەجێکردنی هێزی نەرمی دەوڵەتان کە سەرنجڕاکێش بن لەڕێگەی گوێگرتن لە کەسانی تر و وەرگرتنی ڕایان. بەتایبەتیش پابەندبوون بەو ڕێسا هاوبەشانەی کە لەگەڵ دەوڵەتانی تر لەسەری ڕێککەوتوون. بەمەش دەوڵەتان بەکۆمەڵ هێزی نەرم بەکاردەهێنن (Vuving 2009: P. 16). دەتوانرێت هاوکاری ئابووری لەڕێگەی ڕێکخراوی هاریکاری گەشەپێدان (Official development assistance-ODA)و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی بگوازرێتەوە، کە لەڕێگەی دابین کردنی سوودی ئابووری بۆ وڵاتانی بیانی بەشێوازی جیاواز هێزی نەرم جێبەجێ بکەن، بڕیاری چین بۆ دابەزاندنی بەهای دراوەکەی و گۆڕینی ئاستی هەناردەو هاوردە لەکاتی قەیرانی دارایی ئاسیا لەساڵی ١٩٩٧، کە هێزی نەرمی چینی لەو ناوچەیە زیادکرد (Vuving 2009: P. 14). دبلۆماسییەتی گشتی ئامرازێکە کە حکومەتەکان بەکاری دەهێنن بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی هێزی نەرم بۆ پەیوەندیکردن و ڕاکێشانی سەرنجی گشتی دەوڵەتانی تر، زیاتر لەوەی کە ڕاکێشانی تەنها سەرنجی حکومەتەکان بێت. دبلۆماسیەتی گشتی سەرنجێک دروست دەکات بۆ سەرچاوە شاراوەکانی هێزی نەرم لەڕێگەی تۆمارکردنیان، زیادکردنی هەناردەی کولتووری، ڕێکخستنی ئالوگۆڕەکان لەپێناو ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانی تر (Nye 2008: p. 95).

٢.٢ چوارچێوەیەکی زانیاری گشتی سەبارەت بە کۆماری کۆریای باشوور

کۆریا "Korea" ناوێکی ئینگلیزی مۆدێرنە لە شانشینی گۆریۆ وەرگیراوە (Bakır & Oğuz, Ebru, 2019: Sayfa 2). نیمچە دوورگەیەکی دابەشکراوە بۆ دوو بەشی کۆریای باکوور و کۆریای باشوور لە گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا. ڕووبەری هەردوو بەش (٢٢٠٩١١)کم چوارگۆشەیە و دانیشتوانی هەردوو بەش نزیکەی (٦٨) ملیۆن کەس دەبێت (Lew, 2000: P. 6). کۆریا ٧٠٪ ی خاکەکەی چیاییە و ٣٪ یشی ڕووبارەکانن. خاوەن ئاو و هەوایەکی نەرمە و هەرچوار وەرزەکەی ساڵی تێدا دەردەکەوێت (الدهشان ٢٠١٧: ص ١٩). لەرووی سامانی سروشتییەوەش سەرچاوەی سروشتی کەمە، توانای کارەبای ئاویشی هەیە (Library of Congress 2005: P. 6 ). ئەو نیمچە دوورگەیە سنووری سیاسی لەگەڵ ڕوسیا و چین لە باکوور، دوورگەکانی یابان لە ڕۆژهەڵات و باشووری هەیە، هەردوو بەشەکە وەک فاکتەرێکی هاوسەنگ دادەنرێن لە ململانێی هێزە گەورەکانی جیهان لەناوچەکەدا (Lew 2000: P. 6). کۆرییەکان لەبنەڕەتدا سەر بە یەک بنەماڵەن و بەیەک زمانیش قسە دەکەن، ئەو زمانە زاراوەی جیاجیا لەخۆدەگرێت کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیان دا نییە، زمانێکی زارەکییە و لە باوانەوە گوازراوەتەوە. (هەینی ٢٠٠٧: ل. ٦).

گرنگترین ئایینەکان لە کۆریا بریتین لە: شامانی، بوذی، کۆنفۆشیۆس، مەسیحی (کاسۆلیکی و پرۆتستانیزم)، جۆن دۆکیۆ و ئیسلام، سەرەڕای کرانەوە کولتوورییەکەی لەسەر ئاستی جیهان (الدهشان ٢٠١٧: ص ٢١).

کۆریای باشوور نزیکەی (١٠٠٠٠٠)کم٢ و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (٥١٦٧٢٠٠٠) کەسە. کۆریا لە باشوور سروشتەکەی زیاتر شاخاوییە و بەئاو دەورەدراوە، هاوسنوورە لەگەڵ سێ ڕووبار: لە ڕۆژئاوا لەگەڵ دەریای زەرد، لە باشوور لەگەڵ زەریای چینی ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ ولیونغ-دوو لە دەریای ڕۆژهەڵات (الدهشان ٢٠١٧: ص ١٨).لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین زۆر بە پوختی و کورتی باس لە مێژوو و سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی کۆریا بکەین.

٢.٢.١ کورتەیەکی مێژوویی کۆماری کۆریا

بۆ تێگەیشتن لە گەشەکردنی خێرای کۆریا لە ماوەیەکی کەمدا، پێویستە ئاماژە بە کورتەیەکی مێژوویی ئەو دەوڵەتە بدرێت. بەمەش زیاتر هۆکاری سەرنجڕاکێشبوونی ئەو دەوڵەتەمان بۆ روون دەبێتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی هێزی نەرمە.

١.قۆناغی مێژووی دێرینی کۆریا

مێژووی تۆمارکراوی ئەو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش لەدایکبوونی مەسیح (Cumings 1995: P. 7). کۆریا مێژوویەکی کۆنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایینی، خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەندە، خاوەن کۆمەڵگایەکی فرەکولتورە چونکە خەڵکی جۆراوجۆر قۆناغ بەقۆناغ لەو دوورگەیە ژیاون ( Seth 2011: P. 1). لە ساڵی ٢٣٣٣ پ.ز. شا (دان کون)ی کۆری کە ئەفسانەی خودای ئاسمان و لەگەڵ ژنێک لەهۆزی وورچ یەکەم شانشین بەناوی (تشوسون)ی کۆن دادەمەزرێنن کە لەلایەن مێژوونوسان بەچاخی یەکەمی کۆریا دادەنرێت (هەینی ٢٠٠٧ ل. ١١). لە سەدەی چوارەم کۆریا ڕاگوزەر دەکات بۆ قۆناغێکی تر وەک زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی دوور، کە هێزی نوێی وەک پاشایەتی کۆری کۆگوریۆ، پێکچی وسیلا دەرکەوتن (Gardiner, 1969: P. 37). پاشایەتی سیلا زۆربەی دوورگەکانی کۆریایان لەژێردەست دابوو لە ٦٧٦ بۆ ٩٣٥ی زایینی. هەرچەندە سیلا فەرمانڕەوایی زۆربەی ناوچە کشتوکاڵییەکانی کۆریای دەکرد (Seth 2011:: P. 49). بەڵام جۆسۆنی کۆن یەکەم دەوڵەتی کۆریا بوو کە زۆر کاریگەر بووە لەمێژووی ئەو وڵاتەدا، رووخانی ئەو دەوڵەتە لەلایەن شانشینی هان ی چینییەوە خاڵی وەچەرخانی مێژووی کۆریا بوو ( Bakır & Oğuz, Ebru, 2019: Sayfa 1).

٢. قۆناغی داگیرکاری چین و یابان

لە دێرزەمانەوە کۆریا نیمچە دوورگەیەک بووە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی سێ زلهێزی وەک (ڕوسیا، چین و ژاپۆن) لە ڕۆژهەڵاتی دوور تێدا ڕوویداوە، پێگەی جیۆگرافیا سیاسییەکەی وایکردووە ببێتە پردێک لەنێوان کیشوەری ئاسیا و دوورگەکانی ژاپۆن ( Üzmez 2006: Sayfa 42). ساڵی ١٠٠ پ.ز هەتاکو ٣٠٠ز کۆریا لەلایەن سێ فەرمانڕەوایی بەڕێوە دەبردرا ، لە ساڵی ١٠٨ پ.ز. سەردەمی داگیرکاری تازە بوو، فەرمانڕەوایەتییەکانی:لۆلانگ، لین تون، هسوان تو وچێن فان فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیە. بوون، هەریەکەیان ناوچەیەکی بەڕێوەدەبرد لە دوورگەکە (Gardiner, 1969:: P. 18). شانشینی جۆسۆنی نوێ کە لەساڵی ١٣٩٢ هەتاوەکو ١٩١٠ فەرمانڕەواییان کردووە و پایتەختەکەیان سیئۆل بووە کە بەقوڵی لەژێر کاریگەری کۆنفۆشیۆسیزم دا بووە ( Library of Congress 2005: P. 2).

٣. قۆناغی سەربەخۆبوون

بەپێی ڕاپۆرتی کۆتایی کۆنفرانسی قاهیرە لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمیسیۆنێکی کاتی بۆ کۆرییەکان پێکدەهێنێت، ئەو کۆمیسیۆنە لە کانوونی دووەمی ١٩٤٨ کارەکانی لە سیئۆل دەست پێدەکات. بەڵام بەشی باکوور ڕێگەی بە کارکردنی ئەو کۆمیسیۆنە نەدابەهۆی باڵادەستی یەکێتی سۆڤییەتی جاران لە باکوور. بۆیە لە باشوور کۆماری کۆریای باشوور لە ١٥ ی ئابی ١٩٤٨ دامەزراو سینگ مان ڕی بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا و ئەو ڕۆژە بووە ڕۆژی سەربەخۆیی ئەم کۆمارە. لەبەرامبەردا کۆماری گەلی کۆریا لە باکوور لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٤٨ دامەزراو کیم ئیل سەنگ(Kim Il-Sung) بوو بە سەرۆک حکومەت ( Üzmez 2006:Sayfa 44-46). قۆناغی دوای ڕزگاری کۆریای بەسەر دیدگای سەرمایەداری و دژایەتیکردنی سەرمایەداری دابەش کرد (The China-Japan-Korea Common History Text Tri-National Committee, 2010: P. 188). بەهۆی بەردەوامی ململانێیەکان شەڕی کۆری لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥٣ سەریهەڵدا و دوورگەکە ویران بوو ( Moon 2012 P. 1). لە کاتی جەنگی سارد ئەو شەڕە لە قۆناغێکی زۆر گەرم دابوو، کە تەنها لەنێوان باکوور و باشووردا نەبوو، بەڵکو کەوتبووە چوارچێوەی ململانێیە توندەکانی زلهێزەکان (The China-Japan-Korea Common History Text Tri-National Committee, 2010: P. 202).

٢.٢.٢ سیستەمی سیاسی کۆریا

لەپێناو تێگەیشتن لە بەها سیاسییەکانی کۆریا پێویستە ئاماژە بە جۆری سیستەمی سیاسی کۆریا و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە بکرێت.

جۆر و شێوازی سیستەمی سیاسی هەر دەوڵەتێک کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا هەیە. کۆماری کۆریاش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە خاوەن سیستەمی سیاسی جیاواز بووە و قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە.

لە ئایاری ١٩٤٧ لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم هەڵبژاردن ئەنجامدرا. سینگ مان ڕی وەک یەکەم سەرۆکی کۆماری کۆریا لە ساڵی ١٩٤٨هەڵبژێردرا. لە بەرامبەردا لە باکوور سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستی بە سەرکردایەتی کیم ئیل سونغ دامەزرا. ڕی بەهۆی ناڕەزایەتییەکانی خوێندکارانەوە لەساڵی ١٩٦٠ دەست لەکار دەکێشێتەوە و کۆماری دووەم دادەمەزرێت بە سەرۆکایەتی تشانغ میون. کۆماری دووەمیش بەهۆی کودەتا سەربازییەکەی جەنەڕاڵ پارک جۆنگ هی دەڕووخێت و جەنەڕاڵ پارک لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٣ ڕەوایەتی وەردەگرێت. لە سەردەمی ئیدارەی پارک دا سەرەڕای پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابووری لە شەستەکان و حەفتاکان دا، مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەرتەسککرابوونەوە. لەساڵی ١٩٧٩ جەنەڕاڵ پارک تیرۆر دەکرێ و دەوڵەتەکە دەچێتە قۆناغی ڕاگوزەری هەتا ناوەڕاستی هەشتاکان (التل ٢٠١٧: ص. ٩٨). بۆیە پێش گۆڕانی سیستەمی ئەو دەوڵەتە بۆ دیموکراسییەکی کارا، سیستەمەکە زیاتر دیکتاتۆرییەتێکی سەربازی بووە و سەرۆک سەنتەری هەموو دەسەڵاتێک بووە، بەڵام کاتێک هەڵبژاردنی سەرۆک لەڕێگەی دەنگدانێکی جەماوەرییەوە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٧ ئەنجام دەدرێت و هەڵبژاردنی سەرۆکیش سنووردار دەکرێت بۆ یەک خولی پێنج ساڵە کە ئەمە لە ماددەی ٤٠ی هەمواری دەستووری ساڵی ١٩٨٧ پەسەندکرا (Jochheim 2022: P. 2). ژەنەڕاڵ ڕۆە تای وو بە سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێردرێت بەپێی دەستوور و دیموکراسی بەدەست دێت و دەبێتە یەکەم سەرۆکی مەدەنی کۆریای باشوور. لەساڵی ١٩٩٢ یەکەم گواستنەوەی ئاشتییانەی

دەسەڵات لە پارتی دەسەڵاتدار بۆ پارتی بەرهەڵستکار ئەنجام درا (التل ٢٠١٧: ص. ٩٨). هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری کۆریا لەساڵی ١٩٤٨ لەبنەڕەتدا شێوازی حکومەتێکی دیموکراتیکی هەبووە، کە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سیستەمی چاودێریکردن و هاوسەنگی بووە ( Kwan 2010: P. 3 ).

یەکەم دەستووری وڵات ساڵی ١٩٤٨ پەسەندکرا، ئەو دەستووره ٩ جار هەموار کراوەتەوە بەپێی بارودۆخە سیاسییەکان، لەساڵی ١٩٨٧ کۆتا هەموارکردن کراوە بۆ ئەم دەستوورە. کە لەئێستادا وەک دەستوورێکی دیموکراسی هەژماردەکرێت لە جیهان (التل ٢٠١٧: ص. ٩٨). کەواتە سیستەمی سیاسی کۆریا سیستەمێکی سەرۆکایەتی کۆمارییە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و لە سێ لق پێک دێت کە بریتین لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری.

٢.٢.٣ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری کۆریا

سیاسەتی دەرەوە لە کۆریای باشوور هەمیشە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دیاریکراوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە دەستوور بە سەرۆک دراوە. دەبینرێت سەرۆک وەزیران کەسی ڕاسپێردراوی سەرۆکایەتییە و ماوەی دەسەڵاتداری کورتە و خاوەن دەسەڵاتێکی کەمە. هەروەها زۆرجار دیبلۆماتکارانی ئاسایی بێ ڕۆڵ و تەنیا جێبەجێکار بوونە، سەرەڕای کاریگەرییەکی کەم لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە کە ئەویش جێبەجێکردنییەتی، ڕۆڵیان نییە لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەدا. هەروەها جیگری وەزیری دەرەوە و یاریدەدەرەکەشی لە وەزارەتی دەرەوە بە دیبلۆماتکارانی پیشەیی پڕدەکرێنەوە. بۆیە ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا زۆربەی کات دەدرێتە ڕاوێژکارانی سەرۆکایەتی لە کۆشکی شین (Middleton 1997: P. 150). ئەنجومەنی نیشتیمانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەسەر پرسە ناسیۆنالیستە تایبەتەکان و زۆرجار ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی دەوڵەتانی تر کارلێک دەکات لەڕێگەی دیبلۆماسی ڕاستەوخۆ. هەروەها ئەنجوونی نیشتیمانی بەپێی یاسای پێداچوونەوەی ساڵی ٢٠١٢ وادەکات کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێش هەر ڕێککەوتننامەیەک پەیوەندییەکی نزیک ببەستێت لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانی لە بابەتە گرنگەکانی وەک گرێبەستە بازرگانییە گەورەکان و ئاشتی. ئەوەتا لە ماددەی (٦٠)ی دەستوور مافی پەسەندکردنی پەیماننامە دەرەکییەکان لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەبوارەکانی یارمەتیدانی یەکتر، ئاسایشی نیشتیمانی، بازرگانی، شەڕ یان ڕەوانەکردنی سەرباز بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵات، بە ئەنجومەنی نیشتیمانی دەدات (Lee 2018: P.4- 5).

٢.٣ سەرچاوەکانی هێزی نەرمی کۆریای باشوور

کۆریا لەئێستادا پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ نزیکەی ١٩١ وڵات هەیە، کە ١١٥ باڵیۆزخانەی نیشتەجێ و ٥ نوێنەرایەتی هەمیشەیی و ٤٦ کونسوڵخانەی گشتی هەیە، جگە لە ژمارەیەک ناوەندی ڕۆشنبیری کە هەوڵی بەرەوپێشبردنی کولتوری کۆریا دەدەن، هەروەها ئەندامی زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشە(Maloverjan 2021: P. 17). کۆریا وەک هێزێکی مامناوەندی (*)نوێ سەریهەڵداوە. لە چەندین بواری گرنگی پرسە جیهانییەکان ڕۆڵ دەبینێت، پشتگیری لە سیستەمی نێودەوڵەتی لیبراڵ دەکات. سوودی لە دەرفەتە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی (Mo, 2016: P. 589). کۆریا هەوڵدەدات لەڕێگەی هەرسێ سەرچاوەکانی هێزی نەرم کە جوزێف نای ئاماژەی پێداوە ڕۆڵ ببینێت. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت کارەکانی کۆریا لەو سێ بوارەدا بخرێتەڕوو.

٢.٣.١ سەرنجڕاکێشی کولتوری

دیبلۆماسیەتی کولتوری(*) لە تێڕوانینی مێژووی پیشەسازی کولتوری کۆریا سەرەتا بە ئامانجی دووپاتکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کە لەسەردەمی کۆماری یەکەم سینگ مان ڕی (١٩٤٨-١٩٦٠) دەستپێکردووە، هەروەها دواتر لەسەردەمی پاڕک جۆنگ هی (١٩٦٠-١٩٦٣) کولتور دەبێتە ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی ڕژێمێکی پاوانخواز. دواتر لە کیم یەنگ سامەوە (١٩٩٣) کولتور دەبێتە ئامرازێکی ئابووری نیشتیمانی (Park, 2015: P. 73). بۆیە کۆریا لەڕێگەی گرنگیدان بە کولتور لەئاستی دەرەوەدا هەوادارانی خۆی بەخێرایی زیادکرد. ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی تیۆرییەکەی نای دەردەخات کە دیبلۆماسییەتی کولتوری سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ هێزی نەرم لە پەیوەندی ستراتیژی دەوڵەتاندا (Maloverjan 2021: P. 15). لێرەدا گرنگە چەند خاڵێک لەو بوارە بخرێتەڕوو:-

١. پاڵپشتی دامەزراوەیی حکومەت بۆ سیاسەتی کلتوری: "پلانی گەشەپێدانی پێنج ساڵە"یەکەم هەوڵی بە دامەزراوەییکردنی سیاسەتی نیشتیمانی بوو لەساڵی ١٩٧٤ لەژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و زانیاری گشتی بۆ پاراستنی سەرمایە و نەریتە کلتورییەکان ئەنجامدرا ( NurUllah , Biswas & Miah 2022: P. 3). سیاسەتی کلتوری حکومەت هۆکارە بۆ ئەو گەشە کولتوورییە لە جیهانی دەرەوە کە کۆرییەکان لەسەر بنەمای زیادکردنی هەناردە، یارمەتییە داراییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان و بەرزکردنەوەی وێنای نەتەوە لە دەرەوە. کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ لەسەردەمی هەردوو ئیدارەی لی میون باک (٢٠٠٨-٢٠١٣) و پاڕک جەنگ هی (٢٠١٣-٢٠١٧) بەڕوونی زۆر جەختی

(*)هێزی مامناوەند (Middle Power): بەگوێرەی گارس ئیڤانس هێزیی مامناوەند بریتی یە لەوەی کە دەوڵەتێک زۆر بەهێز و کاریگەریش نیە بەڵام دەتوانێت ببێتە بە کاراکتەرێکی باشی نێودەوڵەتی کە هەمیشە بە هاوکاری لەگەڵ ئەوانی تردا مامەڵە بکات لە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان. بەتایبەتی لەو کێشانەدا کە بە تەنها بە دەوڵەتێک چارەسەر ناکرێت و پێویستی بە هاوکاری دەوڵەتی دیکە دەبێت هەرچەندە دەوڵەتەکە بەهێزیش بێت. بڕوانە:-
-Jongryn Mo, South Koreas Middle Power Diplomacy: A Case of Growing Comutability Between Regional and Global Roles, International Journal, Vol. 7, No. 4, 2016, P.P. 587-607, P. 588

(*)دیبلۆماسییەتی کولتوری (Cultural Diplomacy): ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە، زانیاری، هونەر و لایەنەکانی تری کولتورییە لەنێوان گەلان لەپێناو دروستکردنی لێکتێگەیشتنی هاوبەش. ئەو چەمکە بووەتە بەشێکی گرنگی دیبلۆماسییەتی گشتی لەسەرەتای سەدەی بیست و یەک. کەواتە کولتوور تەنها هونەر نییە بەڵکو پەرەپێدانی مرۆیی، گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و فراوانکردنی پەروەردەش دەگرێتەوە، کە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ پاڵپشتی ئامانجەکانی دەوڵەت لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان. بڕوانە:
-Tae Young Kim and Dal Young Jin, Cultural Policy in the Korean Wave: An Analysis of Cultural Diplomacy Embedded in Presidential Speachs, International Journal of Communication, No. 12, 2016, P.P. (5514-5534), P. 5516.

لەسەر کراوەتەوە. بۆنموونە ئیدارەی پارک ٢٪ ی بودجەی نەتەوەیی بۆ کولتور تەرخانکرد (Jung 2017: P. 10-11). گرنگتر لەوەش بەشێکی تایبەت بە هەناردەکردنی کلتور هەیە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و گەشتیاری، کلتوری کۆریا هەنارده دەکات بۆ هەموو جیهان. بەشی کولتوری نێودەوڵەتی لەژێر ئەنجومەنی هونەری کۆریادا دەزگای جێبەجێکاری سەرەکییە (Song 2015: P. 68).

٢. تەوژمی کۆری Korean Wave یان (Hallyu): کلتوری باوی کۆریا لەسەرەتای سەدەی بیست و یەک دەستی بەجیهانی بوون کردووە. تەوژمی کۆری ڕۆڵی بەرچاوی تێدا هەبووە وەک سەرچاوەیەکی هێزی نەرم، کە ڕەنگە کاریگەری زۆری لەسەر بوارەکانی دیپلۆماسی، بازرگانی، گەشتیاری، ئەکادیمیا و بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی تر هەبێت (Kim & Jing 2016: P. 5516). ئەو تەوژمە لە کۆتاییەکانی نەوەدەکان لەرێگەی هەناردەی دراما تەلەفیزیۆنەکان، مۆسیقای K-Pop، فیلم، ئەنیمەیشن، یارییە ئۆنلاینەکان، مۆبایلی زیرەک، مۆدە، جوانکاری، خواردن و شێوازی ژیان زیاتر کاریگەربووە ( Kim 2022: P. 2). تا وایلێهاتووە سەرۆک کۆمارە یەک لەدوای یەکەکانی کۆریا بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ١٩٩٨ -٢٠١٤ زۆر گرنگی بەو تەوژمە بدەن. چونکە تەوژمی کۆری و بەتایبەتیK-Pop ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت لە ناساندنی کولتوری کۆری لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئەوەتا K-Pop (کە کورتکراوەی میوزیکی باوی کۆرییە Korean Popular Music) لەناو نەوەی دیجیتاڵی گەنج لە ئەمریکا زیادی کردووە. کە بەجیهانیبوون پرۆسەی کاریگەرییەکەی خێراتر و زیاتر کردووە (Jung 2017: P. 1). گرووپی کوڕانی کۆری BTS لەرێگەی کارە ناوازەکانیان توانیان پێش مۆسیقای باوی ئەمریکی بکەونەوە لە تۆماری بیلبۆرد Billboard کە هەفتانە بەناوبانگترین میوزیک دیاری دەکات، بەتایبەتی ئەلبوومی خۆت خۆش بوێ (Kim. 2022: P. 1).

کولتوری کۆری هەم لەڕووی دراما کە بە K-Drama و میوزیکی کۆری کە بە K-Pop ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان دا هەواداری زۆریان هەبووە و دراماکان هەناردەی دەرەوە دەکران، هەروەها میوزیکی کۆریش لە ئاستێکی بەرزدابوو، باشترین نموونەش گۆرانی (Gagnam Style) بەهۆی زۆرترین لایک و بینەر لەمێژووی یوتوب کە ٢٠ ملیۆن بوو چووە کتێبی گینسەوە ( Baek 2014: P. 8. ). کەواتە تەوژمی کۆریا وای لە کۆریا کردووە ببێتە ڕێبەرێکی هەناردەی میوزیک، فیلم و پرۆگرامە تەلەفیزیۆنییەکانی بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەداهاتێکی گشتی کە دەگاتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠٢ و ١ ملیار دۆلار لەساڵی ٢٠٠٨. هالیو ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە فراوانکردنی سەرنجراکێشی کۆریا لەناو هەوادارانی بیانی، وەک زیادکردنی هەوادارانی زمانی کۆری و کڕیاران لە چێشتخانە کۆرییەکان و بەرهەمەکانی کۆریا لە جل و بەرگ و بەرهەمەکانی تر کە بەشێکن لە کولتور لەناو هەوادارانی بیانی.بۆنموونە زیادبوونی قوتابخانەکانی زمانی کۆری لە یابان، زیادبوونی خواست لەسەر فێربوونی زمانی کۆری لە قوتابخانەی ئینلینگوا (Luguusharav 2011: P. 29). کۆریا دەچێتە لوتکەی هێزە کەلتورییەکانی جیهان لەساڵی ٢٠١٨ بەهۆی چالاکییەکانی K-Pop ( Barden 2019: P.57). K-Pop لەرێگەی تێکەڵکردنی هەردوو توخمی کولتوری نەریتی ئاسیا و ڕۆژئاوا سەرنجراکێشتر دەردەکەوێت (Valicva 2018: P. 209).

٣. بەبڕاندکردنی نەتەوەیی

ستراتیژییەتی جیهانی کۆریا جەختی سەرەکی لەسەر وێنای نیشتیمانی و ناوبانگی نێودەوڵەتی دەکردەوە لەرێگەی هەڵمەتی بە بڕاندکردنی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەنجومەنێک بۆ ڕێبەرایەتیکردنی براندکردنی نەتەوە لەساڵی ٢٠٠٩ دامەزرا. پلانی کاری ئەو ئەنجومەنە پەرەپێدانی جیهانی تایکواندۆ، هونەری جەنگی کۆری، دروستکردنی خزمەتگوزاری خۆبەخشی نێودەوڵەتی، کۆریای دۆستی جیهان، وەرگرتنی پرۆگرامی تەوژمی کۆری، ناساندنی سکۆڵەرشیپەکانی کۆریا بۆ قوتابیانی بیانی، زیادکردنی هاوکاری دەرەکی، پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای هونەری پێشکەوتوو، پەرەپێدانی پیشەسازییەکانی ڕۆشنبیری و گەشتیاری، ڕێنوێیکردن بۆ باشترین مامەڵە لەگەڵ بیانییەکان و کولتورە جیاوازەکان، پاڵپشتیکردنی کۆرییەکان تا پرۆژەکانیان بە ستانداردی جیهانی پێشکەش بکەن، ئەمەش بۆ بەردەوامی تەوژمی کۆریا و بەرەوپێشبردنی زمانی کۆری لە دەرەوەی وڵات لەرێگەی دامەزراندنی ٥٠٠ پەیمانگای کینگ تا ساڵی ٢٠١٥ (John 2015: P. 49).

٢.٣.٢ بەها سیاسییەکان

بۆ تێگەیشتن لە بەها سیاسییەکانی کۆریای باشوور وەک سەرچاوەیەکی هێزی نەرم، پێویستە چەند خاڵێک بخەینەڕوو کە ڕێگە خۆشکەرن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو جۆری سەرچاوەی هێزی نەرمە.

١. پێشکەوتنی کۆریا لە ماوەیەکی زۆر کەم و دیاریکراو: کۆریا لە هەژارترین دەوڵەتی جیهان لە ماوەیەکی کەم توانیویەتی بگاتە ١٣مین دەوڵەتی گەورەی ئابووری جیهان و یەکێکە لەو چوار دەوڵەتەی ئاسیا کە ئابوورییەکەی بەشێوەیەکی بەرز لە گەشەکردندایە. ئەندامی G20 ەو و بەشداریکەرێکی کارای ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری (OECD) کە دوو ڕێکخراوی گەورەی ئابووری جیهانین (Luguusharav 2011: P. 2). دیموکراسییەت و شێوازی حوکمڕانی کۆریا هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی ئەو دەوڵەتە بوو، کە دەرفەتی گەورەی بۆ گەشەی ئابووری دروستکردووە، بەشێوەیەک داهاتی سەرتاسەری لەساڵی ٢٠١١ دا ٢٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی تێپەڕاند و کۆریای کردە حەوتەم گەورەترین وڵات کە نزیکەی ٥٠ ملیۆن دانیشتوانی هەبوو (Mo 2016: P. 593). ئەو گەشە ئابوورییەی لەماوەی دوو دەیەدا یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی زیادبوونی ناوبانگ و سەرنجراکێشی کۆریا و لە ئێستادا ڕێبەری بەرهەمهێنەرە لەبوارەکانی بەلەم، ئامێرەکان، ئامرازەکانی پەیوەندی، بەرهەمە براندەکان لە پیشەسازی کۆمپانیاکانی وەک Samsung، LG و Huyundai لەسەر ئاستی جیهان. کە ئەمە دەرەنجامی سیاسەتی بە پیشەسازیکردن بوو لە ساڵانی ١٩٦٠ ەکان و ئەزموونی سەرکەوتنیان لە گەشەپێدان کە ببێتە نمونەیەک بۆ زۆرێک لە دەوڵەتان. سەرکەوتنی لەبواری ئابووریش ڕێگەی بە کۆریادا ببێتە یەکێک لەو هێزانەی لەسەر ئاستی جیهان گەشەپێدان لە وڵاتانی تر بکات بەتایبەتی وڵاتانی ئاسیا. کۆکیا باشترین نمونەیە بۆ گەشەپێدانی دەرەکی (Luguusharav 2011: P. 30). کۆریا ئەو بەها و سەرکەوتنانەی خۆی نیشان دەدات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لەئێستادا لەڕیزبەندی ١٩مین وڵاتی جیهانە لەڕووی هێزی توندەوە، شەشەم دەوڵەتە لە تیپی سەربازی چالاک، دووەم گەورەترین دەوڵەتە لەڕووی خزمەتی تیپە سەربازییەکان و یازدەمین دەوڵەتە لە

بودجەی بەرگری. تا ساڵی ٢٠١٥ یازدەمین گەورەترین ئابووری جیهان و حەوتەم گەورەترین وڵات بوو لە بازرگانی نێودەوڵەتی دا (Mo 2016: P. 593).

٢. مێوانداریکردنی چالاکییە نێودەوڵەتییەکان: کۆریا لەڕێگەی میوانداری پاڵەوانەتییە جیهانییەکانەوە سەرنجڕاکێشی و جوانی وڵاتەکەی دەردەخات وەک بردنەوەی یاری ئۆڵۆمپی لەساڵی ١٩٨٨ و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی یەکێتی تۆپی پێ FIFA لەساڵی ٢٠٠٢ (Luguusharav 2011: P. 32). جگە لەوەش لە ئۆڵۆمپیاتی جیهانی لەگەڵ یابان بەشداربوو بە دروشمی "Dynamic korea"کە وێنای سەرنجڕاکێشی بۆ کۆریا بەدیهێنا (Baek, 2014: P. 7). هەروەها ئەوەی پەرەی بە بەها سیاسییەکانی کۆریا داوە زیادکردنی بەشداریکردنی کۆریایە لە چاکەی گشتی جیهانی، کە کۆریای بەجیهانی کردووە، وەک خۆ دەرخستنی لە ئاسایشی نێودەوڵەتی و کارکردنی وەک هێزێکی ئاشتی پارێز، کە لە ئیدارەی لی جەخت لەسەر گۆڕینی پێگەی کۆریا دەکرایەوە لە بەکاربەرێکەوە بۆ بەرهەمهێنەری ئاسایشی نێودەوڵەتی کە پێشتر سوودی لە بەرنامەی دابینکردنی ئاسایشی دەوڵەتانی تر دەبینی و لەدواتردا خۆی هەوڵی دابینکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدا لەڕێگەی دامەزراندنی یەکەیەکی ٣٠٠٠ کەسی تایبەت بە بڵاوەپێکردن لە دەرەوەی وڵات و دامەزراندنی ١٠٠٠ کارمەندی کۆری بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان ( John 2015: P. 50). مێوانداریکردنی لوتکەی G20 لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠ و دواتر سەرکردایەتیکردنی G20 کاریگەری زۆری هەبوو لەسەرناوبانگ و بەهای سیاسی کۆریا. هەروەها لە ئازاری ساڵی ٢٠١٢ میوانداری لوتکەی ئاسایشی ئەتۆمی (NSS) لە سیئۆل کرد، کە ئەمەش واتای کەمکردنەوەی هەڕەشە ئەتۆمییەکانی سەر کۆریا بوو. لەساڵی ٢٠١٣ش میوانداری کۆنفرانسی فەزای ئەلیکترۆنی (GCCS) ی کرد ( Han 2012: P.3).

گەلی کۆریا گەلێکی ئاشتیخواز و ئاشتیپارێزە، کۆریا لەدوای ٢٠٠٣ ەوە لەچوارچێوەی هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی هێز بۆ ئەفغانستان و عێراق دەنێرێت. بەپێی ڕاپرسییەک ٣٠٪ خەڵکی کۆریا پاڵپشتی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی کۆریان لە ئەفغانستان، لە کاتێک دا ٧٠٪ پاڵپشتی یارمەتی پزیشکی و مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە دەکەن بۆ ئەفغانستان ( Koshini & Manyin, 2009: P. 9).

٢.٣.٣ دیپلۆماسییەتی گشتی

لەسەردەمی جەنگی سارد، کۆریا جەختی سەرەکی لەسەر مانەوەی نەتەوەیی دەکردەوە، دواتر وورده وورده دیپلۆماسییەتی نوێ بەکاردەهێنێت لە سیاسەتی دەرەوەیدا بەتایبەتی دوای پرۆسەی بەجیهانیبوون کە خۆی دەبینییەوە لە تێکەڵبوونی بەجیهان، جۆراوجۆرییەتی سیاسەتی دەرەوەی، فرەلایەنی سیاسەتەکان، هاوکاری ناوچەیی و گەشەپێدان لە ئایندەدا. لەڕێگەی ئەو سیاسەتانە کۆریا پێشکەوتنی بەرچاوی لەئاستی نێودەوڵەتی دا بەخۆیەوە (John 2015: P. 45-46). لێرەدا ئەو بابەتە پۆلینی سەر چوار چوارچێوە دەکەین.

١. دیپلۆماسییەتی بەشداریکردنی نێودەوڵەتی: کۆریا ڕێگەی دیپلۆماسییەتی بەشداریکردنی نێودەوڵەتی بەکارهێناوە بۆ چالاکبوونی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لەساڵی ٢٠٠٩ پەیوەندی بە لێژنەی هاوکاری گەشەپێدان DAC کرد کە سەر بە ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشەپێدانە، بەمەش بەشداری نێودەوڵەتی بووە هۆی زیادبوونی ڕێبەرایەتی کۆریا لەسەر شانۆی جیهانی. بەتایبەتی لەبواری گەشەپێدان بە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو لەڕێگەی فێرکردنی ئەزموونەکانیان و پێشکەشکردنی سیستەمێکی کاریگەر لەسەر هاوکاری و گەشەپێدان تا وای لێهات کۆریا وەک کارنامە داڕێژەرێک لەبواری هاوکاری نێودەوڵەتی و پەرەپێدان دەربکەوێت (Han 2012: P.2-3). لە مەیدانی سیاسەتی نێودەوڵەتیش کۆریای باشوور بەشداری خۆی فراوان کرد لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک کۆمەڵەی گەلانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ASEAN) قەبارەی هاوکاری فەرمی گەشەپێدان (ODA) ی کۆریا زۆر بەخێرایی گەشەی کرد. لەساڵی ٢٠٠٥ڕێژە هاوکاری کۆریا گەیشتە ٧٥٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کە بەرزترین ڕێژەیە. سەرەڕای خەرجکردنی ١,٦ تریلیۆن ووۆن لەساڵی ٢٠١١ بۆ هاوکاریکردنی دەوڵەتانی کەمتر گەشەکردوو. جگە لە بەشداریکردنی لە ئۆپەراسیۆنەکانی پاراستنی ئاشتی PKO لەڕێگەی UN و ئۆپەراسیۆنە فرەلایەنەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تری هاوپەیمانی (Luguusharav 2011: P. 31). بەرنامەی "گەشەی سەوز"ی کۆریا، کۆریای لە دیدگای جیهان سەرنجڕاکێش کردووە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە گەرمبوونی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا بوەتە پرسێکی گرنگی جیهانی. کۆریا لەڕێگەی ستراتیژی نیشتیمانی بۆ گەشەی سەوز لەساڵی ٢٠٠٩ بەشداری چەندین چالاکی و کارنامەی نێودەوڵەتی کرد لەپێناو دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی ژینگەیی. پەیمانگای گەشەی سەوزی جیهانی GGGI لە سیئۆل لەساڵی ٢٠١٠ دامەزرا و دواتر کۆنفرانسی Rio20 دامەزرا و یەکەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوو بە سەرۆکایەتی کۆریا. بەمەش کۆریا توانی توانای سەرکردایەتی خۆی بەرزبکاتەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا (John 2015: P. 51). هەوڵی بەدەستهێنانی کورسییەکی ئەندامییەتی ناهەمیشەیی دا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەماوەی خولی ٢٠١٣-٢٠١٤ (Han 2012: P.3).

کۆریا هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، لەڕووی بازرگانییەوە دووەم گەورەترین هاوپەیمانی ئەمریکایە و ڕێککەوتنی (KORUS)گەورەترین ڕێککەوتنی بازرگانی نێوانیانە. هەروەها کۆریا حەوتەمین هاوبەشی بازرگانی ئەمریکایە و ئەمریکاش سێیەم گەورەترین هاوبەشی کۆریایە لەدوای چین و یابان. هەر لەچوارچێوەی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا هێز بۆ عێراق و ئەفغانستان دەنێرێت ( Koshini & Manyin, 2009: P. 8).

٢. هاوکاری دەرەکی و هاوبەشیکردنی ئەزموونی سەرکەوتووی کۆریا لەگەڵ دەوڵەتانی تر: یەکێک لەکەناڵە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی دیپلۆماسی گەشەپێدان بریتییە لە پێشکەشکردنی هاوکاری فەرمی پەرەپێدان ODA، کە کۆریا پارە بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دابین دەکات بۆ خوێندن و خەرجییە پێویستییەکانی تر. کە لەڕێگەیەوە پابەند دەبێت بە دابینکردنی ٣٪ ی داهاتی گشتی نیشتیمانی بۆ بەخشین وەک ODA. لەڕێگەی ئەو هاوکارییانەش بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو وێنایەکی ئەرێنی بۆ وڵات و کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی دابین دەکات ( Varpahovskis, 2021: P. 272). کۆیکا کە کورتکراوەی ئاژانسی هەماهەنگی نێودەوڵەتی کۆریا (Korea

International Cooperation Agency -KOICA)، لەساڵی ١٩٩١ لەپێناو فراوانکردنی بەرنامە هاوکارییەکانی کۆریا بۆ گەشەپێدانی وڵاتان دامەزرا، کە ڕێگەیەک بوو بۆ دەرخستنی زیاتری پێگەی کۆریا و سەرکەوتنی لە وڵاتێکی وەرگری هاوکاری دەرەکی بۆ وڵاتێکی بەخشەر (John 2015: P. 46).

کۆریا لەڕێگەی ئۆپەراسیۆنی ئاشتیپارێزی کۆری – Korea's Peace Keeping Operations کە بە PKO ناسراوە، ڕاهێنانی کارمەندانی سەربازی بۆ دەرەوەی وڵات لەدوای شەڕەکان ئەنجام دەدات بۆ بوژانەوە و گەشەپێدان. بۆنموونە ٣٣٦ کارمەند لە تیمی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان (PRT) لە ئەفغانستان کاریان کردووە (John 2015: P. 50). لەچوارچێوەی چالاکییەکانی PKO کۆریای باشوور ٣٠٠٠ هەزار سەربازی بۆ ١٨ وڵات و ٢١ هەرێم ناردووە (Luguusharav 2011: P. 31).

دامەزراوەی کۆریا بۆ لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو (KFS) پرۆژەی تایبەتی بۆ سەرکردەکانی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو هەیە فێرکردنی ئەزموونی دیموکراسی، گەشەپێدانی ئابووری و سەرکردایەتیکردن. کۆیکا بە هەماهەنگی دامەزراوەی گەشەپێدانی کۆریا KDI بەرنامەیان هەیە بۆ دەوڵەتانی تازە گەشەکردوو لە دروستکردنی پرۆژە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و پەروەردە و کەرتە گرنگەکانی تر (Levkowitz 2013: P. 14). لەساڵی ٢٠٠٩ بەرنامەی هاوبەشیکردنی زانیاری KSP بڵاوکرایەوە کە هەناردەکردنی ئەزموون و گەشەپێدانی کۆریایە لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیە، کە لەژێر سەرکردایەتی پەیمانگای گەشەپێدانی کۆریا دایە کە لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، بووە بە بەشێکی گرنگی ستراتیژییەتی گەشەپێدانی جیهانی (Kalioski & Hyekyung, 2012: P. 250-251).

٣. سەرکردایەتیکردن و ڕۆڵی کارا لە دانانی بەرنامەی کار بۆ زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان:

کۆریا لە کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای ٢٠٠٠ەکان چەندین دەرفەتی سەرکردایەتی لە شانۆی جیهانی بەدەستهێنا، لەساڵی ١٩٩٦ بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی UN هەڵبژێردرا و دواتر لەساڵی ٢٠٠٠ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی گشتی UN و کە دەرگای واڵاکرد بۆ بان کی مون Ban ky moon وەزیری دەرەوەی پێشووی کۆریا کە ببێتە سکرتێری گشتی UN لەساڵی ٢٠٠٨ (Mo 2016: P. 590-591). لە ٢٠٠٨ەوە خواستی جەماوەری بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی نیشتیمانی کۆریا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا کە خۆی لە بەرپرسیارییەتی کۆریا وەک وڵاتێکی پێشکەوتوو دەبینییەوە بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکانی گەشەکردن، تێکچوونی ژینگە و ئاسایشی مرۆیی لەڕێگەی بەشداری دوو لایەن یان فرە لایەنەکان لەئاستی نێودەوڵەتی دا. کۆریا لە ئێستادا ڕۆڵی سەرەکی لە فراوانکردنی ڕێککەوتنەکانی بازرگانی ئازاد هەیە و هاوکارییەکان لەبواری ووزە، سەرکردایەتیکردنی لە حوکمڕانی ئابووری و بازرگانی نێودەوڵەتی (Lee, 2011: P. 142). هەروەها لەبواری هاوکاری پەرەپێدان، کۆریا ڕۆڵێکی پێشەنگی هەبووە و چالاکانە بەشداری کردووە لە هاوکارییەکانی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی چ لەڕێگەی پەسەندکردنی ستانداردە جیهانییەکان، چ لەڕێگەی دانانی کارنامە بۆ کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان. جگە لە نێوەندگیریکردن لەنێوان وڵاتانی گەشەسەندو و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو (Mo 2016: P. 590-591). هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش کۆریا سەرکردایەتی هاوکاری دەرەکی وڵاتانی وەک چین و یابان کردووە لەساڵی ٢٠٠٨ەوە (Mo 2016: P. 601). کۆریای باشوور لەدوای ٢٠٠٨ ەوە هەندێک لە بەرپرسیارییەتە نێودەوڵەتییەکان وەردەگرێت. کاتێک جیهان تووشی قەیرانی دارایی دەبێت لە ساڵی ٢٠٠٨، کاتێک G20 هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی دەدا، کۆریای باشوور سەرکردایەتی گفتوگۆکانی G20ی دەکرد لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە بازاڕی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان وەک تۆڕی سەلامەتی دارایی جیهانی و گەشەپێدان و بە دامەزراوەییکردنی پرۆسەی G20 کۆریا ڕۆڵێکی دینامیکی و گرنگی هەبوو، ئەمەش واتای ڕۆڵی سەرەکی کۆریای باشوورە لە کاریگەری دروستکردن لەسەر دەسەڵات لە سیستەمی نێودەوڵەتی (Mo 2016: P. 590).

٤. خوێندنی بەرنامەکانی سکۆڵەرشیپ: خوێندنی باڵا لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە سەرچاوەیەک بووە بۆ هێزی نەرم، لەو کاتەی کە زانکۆکان قوتابیانیان لە وڵاتانی بیانی وەردەگرت و ئەندامانی کۆلێژەکانیشیان دەنارده دەرەوە بەمەبەستی گەیاندنی ئەو توانا و زانیارییانەی کە هەیانبووە لە دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی تر بەزمانی لاتینی (Luguusharav 2011: P. 34). دوای تەواوکردنی خوێندن، قوتابیانی بیانی بەو ئەزموون و زانیارییانەی کە فێری بوونە دەگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان، لەمەشدا خوێندنی باڵا ڕۆڵێکی ئاڵوگۆڕ دەبینێت و دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجی خوازراو، ژێرخانێک بۆ هێزی نەرم دروست دەکات. هەروەها دەرکەوتنی ئەزموونەکان لەناو نوخبەکانی دەوڵەتێک لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیار کە لە دەرەنجامی خوێندن لەو وڵاتە وەریانگرتووە (Luguusharav 2011: P. 35).

کۆریای باشوور هەرچەندە لەڕووی ژمارەی قوتابیانی بیانی دەکەوێتە دوای ئەمریکا، چین و یابان، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاویش لە قوتابیانی نێودەوڵەتی وەردەگرێت و دەکەوێتە پلەی چوارەم لەو بوارەدا کە بەگوێرەی ژمارەی ئەوانەی لە وەزارەتی دادن سەرنجی نزیکەی ٨٤٠٠٠ قوتابی ڕاکێشاوە (Luguusharav 2011: P. 37). ئەوەش ئەوە دەردەخات کە کۆریای باشوور یەکێکە لە کارەکتەرە چالاکەکان لەڕووی بەنێودەوڵەتیکردنی خوێندنی باڵا و ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکارانی بیانی لە ئاسیا، بەپێی پلانی حکومەتی کۆریا لەساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی خوێندکارانی بیانی لە کۆریا دەبێت بگاتە ٢٠٠ هەزار خوێندکار لەڕێگەی کۆمەڵێک سکۆڵەرشیپ، ئەمە لەپێناو جێبەجێکردنی هەندێک لە کارەکانی دیبلۆماسییەتی گشتییە لەوانە: جوان پیشاندانی وێنای وڵات، یارمەتیدانی پێشکەوتنی ئابووری کۆریا لە دەرەوە، پێکهێنانی باڵیۆزی نافەرمی لایەنگری باشەی کۆریا (Varpahovskis, 2021: P. 266).

کەواتە کۆریا سەرچاوەی هێزی نەرمی هەیە و دەکرێت پشتییان پێببەستێت بۆ زیادکردنی کاریگەری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانیش. کۆریای باشوور بۆ زیاتر کاریگەربوون دەبێت پەرە و گرنگی زیاتر بدات بەو سەرچاوانە.

٣. .سەرچاوەکانی هێزی نەرمی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان

ئاشکرایە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ دەرفەت بۆ دەوڵەتان ڕەخسا کە بێن بەشداری پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق بکەن. کۆریای

باشوور یەکێک بوو لەو دەوڵەتانەی دەستپێشخەری زۆری هەبوو لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوە لە عێراق، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان. لێرەوە باس لە سەرەتای هاتنی کۆرییەکان، کردنەوەی کونسوڵی گشتی و کۆیکا دەکرێت.

### ٣.١ سەرەتای هاتنی کۆرییەکان بۆ هەرێمی کوردستان

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عێراق لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٣ داوا لە هەموو دەوڵەتانی جیهان دەکات هاوکاری پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق بکەن (ڕۆژنامەی خەبات، ١٥ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٣: لاپەڕە ١). لەو چوارچێوەیەشدا کۆریای باشوور بەشداری پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەکات. وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی کۆریای باشوور لە سەرەتای نیسانی ساڵی ٢٠٠٤ ڕایگەیاند کە زیاتر لە (٣٠٠٠) سەربازی بۆ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی دەنێرێت لە هەرێمی کوردستان (شرق الاوسط، ٥ی نیسانی ٢٠٠٤: لاپەڕە ٤). لە ١٤ی شوباتی ٢٠٠٤ ئەنجومەنی نیشتیمانی کۆریای باشوور بە زۆرینەی دەنگ ڕەوانەکردنی هێزی بۆ عێراق پەسەندکرد کە پێکهاتبوون لە ١٤٠٠ سەربازی شەڕکەر و ١٦٠٠ ئەندازیاری پزیشکی سەربازی، بەمەش کۆریای باشوور بووە سێیەم گەورەترین هێز لەعێراق لەدوای ئەمریکا و بەریتانیا، هەروەها گەورەترین ڕەوانەکردنی هێزی دەرەوەی حکومەتی کۆریا لەدوای جەنگی ڤێتنام (Ko 2006: P. 266). نام دای یۆنگ وەزیری ئەوکاتی بەرگری کۆریای باشوور لە ٣٠ ئایاری ٢٠٠٤ ڕایگەیاند کە حکومەتی کۆریا لەچوارچێوەی هێزی ئاشتیپارێزدا هێز بۆ عێراق دەنێرێت و لە هەولێر و سلێمانی جێگیریان دەکات، کە لەبواری پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و سەرلەنوێ بنیاتنانەوە کاردەکەن (فرانس پرێس، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٤٥٣، ٣٠ ئایاری ٢٠٠٤: لاپەڕە ١). بەمشێوەیە دەرفەتێک بۆ کۆریا ڕەخسا کە لەچوارچێوەی هێزی ئاشتیپارێز بێنە هەرێمی کوردستان و بەشداری پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بکەن. هەروەها حکومەتی کۆریا کلیلی دەوڵەتە بەخشەرەکان دەبێت لە هەرێمی کوردستان و هەتاکو ئێستاش بەردەوامە لە پاڵپشتییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان ( General Directorate of Development Cooperation and Coordination/ Ministry of Planing KRG 2010: P. 3.). لێرەدا ئاماژە بە تیپی زەیتوون و کردنەوەی کونسوڵخانەی گشتی کۆریا دەکرێت.

#### ٣.١.١ تیپی زەیتوون

تیپی زەیتوون پێکهاتبوون لە ٣٥٠٠ سەرباز، لەکۆریا ڕەزامەندی ڕەوانەکردنیان درا بۆ ناوچە ناشەڕکەرەکانی عێراق. ئەم تیپە کاریان لەسەر بوارە مەدەنییەکان دەکرد، وەک پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی مەدەنی ناوخۆیی. ئەو سەربازانە سێیەم گەورەترین هێزی سەربازی بیانی بوون لە عێراق (Levkowitz 2013: P. 11). لە دیمانەیەکدا ژەنەڕاڵ هوانگ فەرماندەی هێزەکانی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٤ شاندێک لەکۆریاوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، بۆ بڕیاردان لەسەر شوێنی جێگیربوونی هێزەکانیان. لە ٢٢ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٤ تیپی زەیتون لەژێر فەرماندەیی ژەنەڕاڵ هوانگ لە هەولێر جێگیربوون (قادر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٧٨١،2 ئایاری ٢٠٠٥: لاپەڕە ٧). تیپی زەیتون لەژێر دروشمی "ئێمە دۆستی ئێوەین" لە هەرێمی کوردستان دەستیان بە پرۆسەی سەر لەنوێ ئاوەدانکردنەوە و ئەنجامدانی پرۆژەکانیان کرد (حیدر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٥٦٨، ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠٠٤: لاپەڕە ١).

گرنگترین کارەکانی تیپی زەیتوون لە هەرێمی کوردستان:-

تیپی زەیتوون لەسەرەتای هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان چەندین کار و پرۆژەیان ئەنجامداوە، لێرەدا کارەکانیان پۆلین دەکرێت بۆ سێ بەش:-

١.لەبواری بەخشینی هاوکاری: لەو بوارەدا کۆریای باشوور چەندین بەرنامەی بەخشینی هاوکاری ئەنجامداوە لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی هەرێمی کوردستان. ئەو هاوکارییانە بریتی بوون لە پێشکەشکردنی ئۆتۆمبێل، کۆمپیوتەر و جۆرەها ئامێری دیکە بۆ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر ناوی (فریشتە سەوزەکان) (قادر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٧٨١، ئایاری ٢٠٠٥: لاپەڕە ٧).

٢. لەبواری بەشداریکردن لە نۆژەنکردنەوەی دامەزراوەکان، ڕێگا و بان و لادێیەکان: بانگهێشت کردنی نزیکەی ١٠٠ شارەزای بواری ڕێگاوبان، کێشەی کەڵەکەبوونی زبڵ و خاشاک، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، کردنەوەی نەخۆشخانە وەک نەخۆشخانەی زەیتوون کە تیمی تایبەتیان هەبوو بۆ شوێنە دوورەکان، چارەسەرکردنی کێشەی ئاو و کارەبا، کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکان، چارەسەر کردنی بیر و زێرابەکان و لێدانی بیری ئاوی پاک (حیدر & علی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٦٢١،١٤ تشرینی دووەمی ٢٠٠٤: لاپەڕە ٥). لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ناز فەلەکەدین کاکەیی بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی هەولێر، ئاماژەی بەوەدا کە کتێبخانەی گشتی هەولێر (کتێبخانەی زەیتوون) لەلایەن تیپی زەیتوون دروستکراوە و پێشتر شوێنی تایبەت بەخۆیان لەو کتێبخانەیە هەبوو کە ئێستا ئەرشیفی کارەکانیانی تێدایە (کاکەیی: ٢٠٢٢).

٣.لەبواری کردنەوەی خول و پاڵەوانییەتی وەرزشی و سەنتەرەکانی ڕاهێنان: دامەزراندنی سەنتەرێکی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان لە بواری پیشەسازی و بنیاتنانی کۆمەڵایەتی. هەروەها لەپێناو گواستنەوەی ئەزموونی کۆریا بۆ دەوڵەتانی تر و هەرێمی کوردستان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە " کۆریا لە بری ئەوەی ماسیت پێبدات، فێری ماسی گرتنت دەکات" لەڕێگەی ڕاهێنانی پیشەیی و خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەکارخستنی خەڵک (قادر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٧٨١، 2ئایاری ٢٠٠٥: لاپەڕە ٧). جگە لەوە بە هەماهەنگی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەری زەیتوونیان بۆ ڕاهێنانی پیشەیی کردەوە، بەمەبەستی ڕاهێنانکردن بە دەرچوانی ئامادەیی لەبواری خولی پیشەیی کە پێکهاتبوو لە بەشەکانی میکانیک، کۆمپیوتەر، کارەبا و ئۆتۆمبێل لە ئامادەییە پیشەییەکان (جەلال، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٦٦٤،٢٩ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٤: لاپەڕە ٤). هەروەها جامی زەیتوون بۆ تۆپی پێ لە یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری لەساڵی ٢٠٠٤ لە هەولێر لەلایەن تیپی زەیتوون کرایەوە، ئەم

پـاڵەوانییەتییە ١٥ ڕۆژی خایانـد کە ٨ پەروەردەی هەولێـر و دەوروبەری لەخـۆ دەگـرت. گشـت خەرجییەکانی ئەو جـامە لەئەسـتۆی خۆیانـدابوو. لەسـەرەتای کردنەوەی ئەو جامەشـدا نمایشـی کولتـووری لەلایەن کـۆرییەکان پێشـکەش کرا بـۆ ئاشناکردنی جەماوەر بە کولتوری کۆری (حیدر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٦٣٣، ٢٨ تشرینی دووەم ٢٠٠٤: لاپەڕە ١١). هەروەهـا بـنکەیەکی ڕاهێنـانپێکردنی عێراقییەکان لە شـاری هەولێـر کرایەوە لەناو خیـوەتگەی سـەربازی زەیتـوون کە نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرا (ئاژانسـەکان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٧٣٣، ١١ی ئـاداری ٢٠٠٥: لاپەڕەکانی ١و٦). مـێجەر کـیم بەرپـرسی ئاوەدانکارییەکانی سوپای کۆریا لە سمینارێکدا لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین ئاماژەی بەوەدا کە بەرنامەی کارەکانیان لەسێ بواردا خۆی دەبینێتەوە: لەبواری پەروەردە کردنەوەی خولی پەروەردەیی و لەبواری وەرزشی کردنەوەی خولی تایکواندۆ بەسەرپەرشـتی کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا لە کۆریا و کردنەوەی خـولی پیشەسازی بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و بەتایبەتی KIA، کردنەوەی چەندین خولی کۆمپیوتەر، نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر (حیدر & علی، ١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤). نزیکەی ٢٤٠٠ بەرپرسی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم لە کۆریای باشوور ڕاهێنانیان پێکراوە. تیپی زەیتوون لە ١٩ی دێسێمبەری ٢٠٠٨ هێزەکانیان بە تەواوی لە عێراق کشاندەوە (Song 2015: P. 67).

٣.١.٢ نوسـینگەی ئاژانسی- هـاوکاری نێودەوڵەتی کـۆریای باشـوور لە هەرێمی کوردستان

بۆ تێگەیشتن لە دامەزراوەی کۆیکا، پێش شـیکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە کارەکانی نوسینگەی کۆیکا لە هەولێر. پێویستە شیکردنەوەیەک لەسـەر کـۆیکا وەک ئاژانسێکی نێودەوڵەتی کۆریای باشوور ئەنجام بدەین.

کۆیکا چییە؟ گرنگترین کار و ئامانجەکانی چین؟

دەزگایەکی نێودەوڵەتی جێبەجێکردنە بۆ یارمەتییە بەخشینەکانی حکومەتی کۆریا، لەساڵی ١٩٩١ لەلایەن وەزارەتی دەرەوە و بازرگانی کۆریا دامەزراوە. پەیوەندیکردنی حکومەتی کۆریا بە OECD و DAC دەرفەتێک بوو بۆ کـۆیکا بـۆ بەرەوپێشـبردنی چالاکییەکانی ( 김지윤 2022: 페이지 107-108 ). دروشمی کارکردنی کۆیکا بریتییە لە: خەڵک، ئاشتی، گەشە، ڕووەک و هاوبەشیکردن. لەسـەر بنەمـای میتـۆدی کارکـردنی شـارەزایی، کـراوەیی، داهێنـان، هـاوکار، پەیوەنـدیکردن و بەرپرسیارییەتی (KOICA Prochure 2022: P. 9).

هانـگ وۆنـگ سـام لە ئێسـتادا سـەرۆکی کـۆیکایە و چـواردەم سـەرۆکی ئەو ئاژانسەیە (KOICA Formal Website, 2023). کۆیکا نوسینگەی سـەرەکی لە بوسان/ کۆریایە و پێک دێت لە سـەرۆک و پێنج بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی بەهـا کـۆمەڵایەتییەکان، سـتراتیژی گەشـەپێدان و هـاوبەشی، دوو بەڕێـوەبەرایەتی گەشـــەپێدانی ناوەخـــۆیی و بەرنامەی ســـەرکردەکانی جیهـــان هەریەک لەو بەڕێوەبەرایەتییانە لە چەند بەشـێک پێک دێت. لەگەڵ دوو بەڕێوەبەرایەتی باڵاتـر، ٢٤ بەش، سەنتەرێکی ڕاهێنان، ٤ سەنتەر و ٢٢ تیم. جگە لەوە نوسینگەی لە ٤٦ وڵات و یەک ئۆفیس و لقی هەیە و ئۆفیسی- سەرەکیشی لە بوسانە. ٤ نوێنەرایەتی نیشتەجێی لە چوار وڵات هەیە لەوانە:- نوێنەرایەتی OECD لە پاریس، نوێنەرایەتی UN لە نیویـۆرک، نـوێنەرایەتی هەمیشـەیی لە جنێـف و نـوێنەرایەتی سویسـڕا و هندستان (KOICA Prochure 2022: P. 5).

لە سەرەتای دروستبوونییەوە لەساڵی ١٩٩١، کۆیکا قۆناغ بە قۆناغ پەرەی بە کارەکانی داوە. لەسـاڵی ١٩٩٥ دەستپێشـخەری بەرنامەی هـاوکاری ڕێکخـراوە ناحکومییەکان بووە دواتر لەساڵی ٢٠٠٢ بەرنامەی بنیاتنانی ئاشـتی بـۆ ئەفغانسـتان ڕاگەیاندووە و لەساڵی ٢٠٠٣ دەستی بە بنیاتنانی ئاشتی لە عێراق کردووە. لە ساڵانی ٢٠٠٤-تاکو ٢٠٠٨ بەردەوام دەبێت لە فراوان کردنی کارەکانی، بەتایبەتی لەبوارەکانی نەهێشتنی هەژاری و ژینگە. لەساڵی ٢٠٠٩ کار لەسەر بەرنامەی کۆریای دۆسـتانی جیهـانی دەکات کە براندێکی یەکگرتووی پرۆگرامی خۆبەخشی حکومەتی کۆریایە. لەساڵی ٢٠١١ بودجەی بەرنامەی خۆبەخشی لەگەڵ حکومەتی کۆریا یەکخسـت (KOICA Prochure 2022 P. 7).

کۆیکا وەک دامەزراوەیەکی هاوکاری هەوڵدەدات ئەزمـوونی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا هـــاوبەشی بـــکات کە لە قـــۆناغی گەشـــەکردندان. کاردەکات بـــۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری جیهانی، پشتگیریکردنی گەشەپێدانی ئابووری-کۆمەڵایەتی و دروسـتکردنی پەیوەنـدییەکی دۆسـتانە لەگەڵ دونیـا. هەوڵـدەدات ئامـانجەکانی بەدیبهێنێت لەڕێگەی گرنگی دان بە کەرتی تەندروسـتی، پەروەردە، حوکمڕانی باش، کشـتوکاڵ، گەشـەپێدانی گوندنشـین، تەکنەلـۆژیا، ژینـگە، ووزە،..هتـد. جگە لەو بەرنامـانەی کە لەبـواری یارمەتیـدان پێشـکەشی دەکات لەڕێـگەی پـرۆژەکانی گەشەپێدان، بەرنامەی خۆبەخشی نێودەوڵەتی، هاوڕێیەتی، فریاگوزاری و هـاوکاری فرەلایەن (United Nations Website 2023). کۆیکا ٢٤,٩٪ تەواوی یارمەتیە فەرمییەکانی گەشـەپێدانی ODA لە ئەسـتۆ دەگرێت بەپێـی پـلانی گەشـەپێدانی یارمەتیـیەکانی ODA بـۆ سـاڵی ٢٠٢٢. کـۆیکا ٤٨,٣٪ وەک پلاتفـۆرمێکی دیاریکراوی هاوکاری جێبەجێدەکات. بەمەش پاڵپشتییەکانی کۆیکا لەساڵی ٢٠٢٢ بۆ ١٠٣٧٤ تریلیـۆن وۆنی کـۆری بەرز بـووەوە کە دەکاتە نـزیکەی ٧ ملیـار و ٦٦٨ ملیۆن دۆلار، پێشبینیش دەکرێت بەهۆی ستراتیژییە مامناوەند و ماوە درێژەکانییەوە بەشدارییەکانی کۆیکا زیاتر بێت (KOICA Prochure 2022: P. 6).

کۆیکا لەسـاڵی ٢٠١٥ کارەکانی لەچوارچێوەی ئامانجەکانی گەشـەپێدانی بەردەوام HDs دەردەکەوێت لەڕێگەی ڕاگەیاندنی سـتراتیژییە مامناوەندەکانی لەڕووی کاتەوە لەو بوارانەی کە پەیوەستە بە کاری خۆیەوە. لەساڵی ٢٠١٥ پێنج سـتراتیژی گرنگی ڕاگەیاند لەوانە:ذ ژیانێکی باشـتر بـۆ کچان، ژیانی سـەلامەت بـۆ هەمـوان، پارادایمی ژیانی نوێی گوندنشینی و پرۆژەی پەروەردەی باشـتر) ( Han, Keunsik, 2017: P.3). کـۆیکا لەپـلەی نۆیەمـدایە لەڕیزبەنـدی وڵاتە بەخشـەرەکان بـۆ گەیشـتن بە ئامـانجەکانی گەشـەپێدانی بەردەوام تا سـاڵی ٢٠٢٦ ( KOICA Formal Website, 2023).

هەروەهـا کـۆیکا سـاڵانە بەرنامەی سکۆڵەرشـیپی هەیە کە نـزیکەی ٤٠٠ کەس دەتـوانن پێشـکەشی ئەو سکۆڵەرشـیپانە بـکەن، کە خوێنـدنی ماسـتەر و دکتـۆرای ئەکادیمی لەخـۆدەگرێ. ئەو پرۆگـرامە لەسـاڵی ١٩٩٦ەوە دەسـتپێکردووە. تەنهـا

قوتابیانی وڵاتانی وەرگری یارمەتی لە ڕێکخراوی OECD دەتوانن پێشکەشی ئەو سکۆڵەرشیپە بکەن. بەرنامەکە بەزمانی ئینگلیزییە و لەئێستادا ٢١ زانکۆی هەڵبژێردراو تێیدا بەژدارن. لەڕێگەی ئەو پرۆگرامەوە حکومەت جەخت لەسەر ئەزموونی سەرکەوتوانەی گەشەپێدانی مێژوویی کۆریا دەکاتەوە و ئاماژە بەوەدەکات کە کۆریا زانیاری پێیە و ئامادەیە بیگوازێتەوە بۆ دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو. ئامانجی ئەو سکۆڵەرشیپیانە پەروەردەکردنی سەرکردە سەرەکییەکانە لە بوارە جیاجیاکان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە وڵاتەکانی خۆیاندا ( Varpahovskis, 2021: P. 271).

بەگشی بوارە لەپێشینەکانی کارکردنی کۆیکا بریتییە لە پەروەردە، تەندروستی، حوکمڕانییەتی باش، کشتوکاڵ و گەشەپێدانی گوندنشین و زانست و تەکنەلۆژیا و داهێنان. ئەو پرسە سەرەکییانەش کە کاری لەسەر دەکات بریتین لە : ژینگە، یەکسانی ڕەگەزی و مافەکانی مرۆیی (KOICA Formal Website, 2023). بەپێی ڕاپۆرتی ئاماری ساڵانەی کۆیکا لەساڵی ٢٠٢١ی کۆیکا نزیکەی ٦٣٥٩٥٧ ملیۆن دۆلاری بۆ گەشەدان بەو کەرتانە تەرخان کردووە ( KOICA Annual Report 2022: p. 4-5).

### ٣.٢ نوسینگەی کۆیکا لە هەرێمی کوردستان (هەولێر)

کۆیکا هەمیشە هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکانی داوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە هاوکارییان دەکات لەڕێگەی گەشەپێدانی ئابووری-کۆمەڵایەتی ( General Directorate of Development Cooperation and Coordination/ Ministry of Planing KRG 2010: P. 2). لەئێستادا نوسینگەی تایبەتی خۆی لە ٤٦ وڵات هەیە و یەکێک لەو نوسینگانەش نوسینگەی کۆیکا لە هەولێر/ عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٤ لە هەولێر نوسینگەی خۆی دامەزراند ( KOICA Prochure, 2022: P. 2.). لە عێراق دوو نوسینگەی هەیە یەکێیان لە هەولێر و ئەوی تریشیان لە بەغداد. نوسینگەی هەولێر لەڕێگەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی هەرێم دامەزرا. لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم وەزارەتی یارمەتییە مرۆییەکان و هاوکاری خاڵی سەرەکی پەیوەندی بوون لەگەڵ کۆیکا. بەڵام دوای ئەوەی وەزارەتی پلان دانان دامەزرا لە کابینەی پێنجەم، ئەم وەزارەتە بووە خاڵی سەرەکی پەیوەندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆیکا، بەردەوامن لە هەماهەنگی هاوکارییەکانییان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان (General Directorate of Development Cooperation and Coordination/ Ministry of Planing KRG 2010: P. 2).

### 3.2.1 ئامانجی کارکردنی کۆیکا لە هەرێمی کوردستان (هەولێر)

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کۆ هی سوک (Ko HeeSeok)، نوێنەرایەتی نیشتەجێی ئۆفیسی- کۆیکا لە هەولێر، ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی کارکردنیان لەهەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئامانجەکانی کۆیکایە لەسەر ئاستی جیهان. بەتایبەتی لە بوارەکانی هاوکاری، گەشەپێدان و دروستکردنی خۆشگوزەرانی هاوبەش. هەروەها پاڵپشتیکردن و هاوکاریکردنی خەڵکی ئاسایی، کەمکردنەوەی هەژاری و باشترکردنی کوالیتی ژیان، باشترکردنی مافەکانی ژنان و منداڵان و خاوەن پێداویستی تایبەت، گەشەپێدانی بەردەوام، مرۆڤدۆستی و پێشخستنی هاوکاریی ئابووری و هاوبەشیکردنی ئەزموونی خۆیان. کۆیکا هەوڵدەدات ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام (MDGs (Millennium Development Goals بەدەستبهێنێت. کاردەکەن لەبواری گەشەپێدانی توانای بەڕێوەبردن لە گشت دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم. زۆر جەخت لە هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێم دەکەن لە بە ئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکان (سوک، ٢٠٢٣).

### ٣,١,٢,٢ ئەو بوارانەی کە نوسینگەی کۆیکا لە هەولێر بەشێوەیەکی گشتی کاری لەسەر دەکات

کۆریا هاوکارییەکانی خۆی لەڕێگەی کۆیکا دەگەیەنێتە هەرێمی کوردستان وەک یەکێک لەو دەوڵەتە بەخشەرانەی کە وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی هەرێم هەماهەنگی لەگەڵ هەیە (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کۆ هی سوک نوێنەرایەتی نیشتەجێی ئۆفیسی کۆیکا لە هەولێر، ئۆفیسی- کۆیکا لە هەولێر، ٢٠٢٣/٨/١٤، کاتژمێر: ٣:٠٠). کۆیکا پاڵپشتی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام دەکات و نیشاندانی بەها کۆمەڵایەتییە جیهانییەکان، ئەو بوارانەی کە کۆیکا کاری لەسەر دەکات بریتین لە: پەروەردە، تەندروستی گشتی، حوکمڕانی باش و مافەکانی مرۆڤ، ئاو و کارەبا و هەروەها بنیاتنانی ئاشتی (KOICA Erbil Office -Prochure, , 2023: P 2).

لە دیمانەیەکدا کۆ هی سوک ئاماژە بەوە دەکات کە کۆیکا بەردەوام هاوکار و چالاک بووە لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ەوە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەبوارەکانی پەروەردە، خێزان، بواری ئابووری و گۆڕانی کەش و هەوا، تەندروستی گشتی. بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەبواری فێرکردن دەکات لە هەرێمی کوردستان. لەدوای ٢٠٠٤ەوە کۆیکا زیاتر لە شەش پاکێجی هاوکاری پەروەردەیی پێشکەش کردووە لەبوارەکانی:خوێندن، دیزاینی ڕێگاوبان و هێزی کارەبا و هتد... و لەگەڵ پاڵپشتیکردنی زیاتر لە ٣٠ پرۆژە کە پرۆژەکانی هاوکاری بۆ نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی بینای دامەزراوەکان، ڕاهێنان کردن بە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە کۆریا و لێرە و ئاشناکردنیان بە ئەزموونی سیستەمێکی سەرکەوتوو، دامەزراندنی چەندین سەنتەری ڕاهێنان وەک کیپا و سەنتەری ڕاهێنانی IT ، هەروەها بەشداریکردن لە بە ئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی. کە کۆیکا لە ئێستاشدا جەخت لە جێبەجێکردنی ئەو جۆرە پاڵپشتی و هاوکاریانە دەکاتەوە (سوک، ٢٠٢٣).

### ٣.٢ .کار و پرۆژەکانی کۆیکا لە هەرێمی کوردستان

کۆیکا دەستێکی باڵای لە پرۆسەی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان هەبوو لەڕێگەی ئەو پرۆژە گەشەپێدانانەی کە پێشکەشی دەکرد لەو بوارانەی خوارەوە:-

١. پێشکەشکردنی ئامێر و دەزگا و پێداویستی جۆراوجۆر بۆ دامەزراوەکانی

حکومەتی هەرێم.

٢. جێبەجێکردنی پرۆژەی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی، کارەبا، ئاو و زێراب، سیستەمی هاتووچۆ، توانای بنیاتنان...هتد بەمەبەستی گەشەپێدان.

٣. دابینکردنی هاوکاری تەکنیکی لەڕێگەی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی.

٤. دابینکردنی سکۆلەرشیپ بۆ خوازیارانی خوێندنی باڵا لە کەرتی گشتی تا بتوانن لە زانکۆکانی کۆریا بخوێنن ( General Directorate of Development Cooperation and Coordination/ Ministry of Planing KRG 2010: P. 2).

هەروەها لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز کۆ بەرپرسی نوێنەرایەتی نوسینگەی کۆیکا لە هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە کۆیکا نەک تەنها لە هەولێر، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی پاڵپشتی هیچ چالاکی و پرۆژەیەکی کولتووری نەکردووە، بەڵام لە هەولێر کۆمەڵەیەک هەیە بەناوی کۆمەڵەی دەرچوانی کۆیکا لە کوردستان (KAAK) (کە لە باسی دووەمی ئەو بەشەدا زانیاری زیاتر لەسەر ئەو کۆمەڵەیە دەخرێتەڕوو)، پەیوەندی کۆیکا لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە زۆرباشە. بەشداری هەندێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانی دەرچوون و چالاکیە کولتوورییەکان دەکەن. بەڵام ئەو چالاکییانە پەیوەندیدار نەبوونە بە کۆیکا لەڕووی پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی. کۆیکا تەنها کار لەسەر بیرۆکەی سەرەکی خۆیان دەکەن ئەویش هاوکاری، پەروەردە و گەشەپێدانی تەکنەلۆژییە ( سوک، ٢٠٢٣).

٣.٢.١ هاوکارییەکان بۆ نۆژەنکردنەوە و بنیاتنان

هەتاکو ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ٢٠٠٤ەوە تەرخانکردووە و ساڵانە زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ گرنگیدان بە کەرتە جیاوازەکانی وەک حکومەتی ئەلیکترۆنی، پەروەردە، سەرچاوە ئاوییەکان، حوکمڕانی، تەندروستی، و پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی بنیاتنانی تواناکانەوە دەهێنێتە هەرێمی کوردستان ( KOICA Erbil Office Prochure, 2023: P. 3). کۆیکا لەبواری هاوکارییە کارگێڕییەکان بەدوو شێواز کاروپرۆژەکانی ئەنجامداوە. یەکێکیان لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستییەکانی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بووە وەک بنیاتنان و نۆژەنکردنەوەی بیناکان، دابین کردنی کەل و پەل و ئامێری ئەلیکترۆنی و سەیارە،..هتد. ، ئەوی تریشیان لەڕێگەی کردنەوەی کۆرس و خولەکانی ڕاهێنان بووە بۆبەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەرانی کەرتی گشتی ( General Directorate of Development Cooperation and Coordination/ Ministry of Planing KRG 2010: P. 5). بەگوێرەی داتای وەرگیراو لە وەزارەتی پلاندانان و نوسینگەی کۆیکا، کۆیکا لە بواری نۆژەنکردنەوە و بنیاتنان و هاوکاری بۆ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم ٢٨ پرۆژەیان ئەنجام داوە کە نزیکەی ٢٢٢٤٦٧٩٢٥ $ دۆلاریان تەرخان کردووە و بەو شێوەیەی خوارەوە:-

١. لەچوارچێوەی وەزارەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی ٤ پرۆژە بڕی ١٨٠٠٠٠٠٠ $ تەرخانکردووە.

٢. لەچوارچێوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ ئەنجامدانی ٢ پرۆژە بڕی ٨٢٥٠٠٠٠ $ تەرخانکردووە

٣. لەچوارچێوەی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەنجامدانی ٥ پرۆژە بڕی ٣٩٨٠٠٠٠٠ $ تەرخانکردووە.

٤. لەچوارچێوەی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەنجامدانی ٢ پرۆژە بڕی ١٨٥٧٠٠٠٠ $ تەرخانکردووە.

٥. لەچوارچێوەی وەزارەتی ناوەخۆ لە ئەنجامدانی پرۆژەیەک بڕی ٥٠٠٠٠٠٠ $ تەرخانکردووە.

٦. لەچوارچێوەی وەزارەتی شارەوانی بۆ ئەنجامدانی ٥ پرۆژە بڕی ١١٨٣٠٠٠٠ $ تەرخانکردووە.

٧. لەچوارچێوەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئەنجامدانی پرۆژەیەک بڕی ١٥٠٠٠٠٠ تەرخان دەکات.

٨. لەچوارچێوەی وەزارەتی کارەبا بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەک بڕی ٩٠٠٠٠٠٠ $ تەرخاندەکات.

٩. لە فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە ئەنجامدانی پرۆژەیەک بڕی ٤٥٠٠٠٠٠ $ تەرخاندەکات.

١٠. لەبواری بنیاتنانی ئاشتی لە ئەنجامدانی ٢ پرۆژە بڕی ١٧٥٠٠٠٠٠ $ تەرخاندەکات.

١١. لە بەخشینی هاوکاریش بە پارێزگاکان لە ئەنجامدانی ٦ پرۆژە بڕی ٨٨٥١٧٩٢٥ $ تەرخان دەکات. (داتای وەرگیراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان/ وەزارەتی پلاندانان ٢٠٢٣).

کەواتە لێرەدا شیکردنەوەی تەرخانکردنی ئەو بڕە پارە زۆرە لەپێناو گەشەپێدان و هاوکاری دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بریتییە لە هاوکاری دەرەکی. کۆریا وەک وڵاتێکی بەخشەر وەک لەپێشتر ئاماژەی پێدراوە ئەو پرۆژانەی ئەنجامداوە. ئەو هاوکارییەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر کۆریا وێنای سەرنجڕاکێشی خۆی دەربخات لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان.

٣.٢.٢ کردنەوەی خول بۆ فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

کۆیکا چەندین کۆرسی ڕاهێنانی بۆ کارمەندانی حکومەت کردووەتەوە، کە هەندێک لەو کۆرسانە کارمەندانی حکومەتیان دەنارده کۆریا بەمەبەستی ڕاهێنان، بەشێکیش لەناو هەرێمی کوردستان ڕاهێنانیان وەردەگرت. هەموو ساڵێک لە مانگی شوبات و مارس کۆیکا لیستێکی پرۆگرامی ڕاهێنانی بۆ وەزارەتی پلاندانان دەنارد تاوەکو دامەزراوەو کاندیدەکان بۆ ڕاهێنان دیاری بکەن. زۆرترین ژمارەی کاندیدان بۆ

هەر کۆرسێک ١٥ و ٢٠ کاندید بووە ( General Directorate of Development Cooperation and Coordination/ Ministry of Planing KRG 2010: P. 16). دوای ئەوەی کۆیکا ناوی بەشداربووانی کۆرسەکانی وەردەگرت ئاسانکاری بۆیان دەکرد تا گەشت بۆ کۆریا بکەن. خەرجی بلیتی فڕۆکە و تەواوی پرۆگرامەکانی لە ئەستۆ دەگرت. کۆیکا و وەزارەتی پلاندانان بەرێککەوتن لەسەر ئەوە ڕێکدەکەوتن کە پێداویستییەکانی توانای فەرمانبەران لە وەزارەتەکان ڕیزبەند بکەن تا سوودمەند بن لە ڕاهێنانەکان، بڕوانە ئەو چارتەی خوارەوە کە ڕیزبەند و ڕێژەی سوودمەندبوونی دامەزراوەکانی پێنج وەزارەتی حکومەت لەخۆدەگرێت تاوەکو ساڵی ٢٠١٠ :-بەوشێوەیەی لای خوارەوە:-




کۆیکا لەسەرەتای هاتنی چەندین خولی تایبەت بە بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، بەپێی ئەو داتایانەی کە لە وەزارەتی پلاندانان بەدەستکەوتووە، کۆیکا تاوەکو ئێستا نزیکەی ١٠٨ خولی پیشەیی بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی کردووەتەوە کە زیاتر لە ١٥٠٩ بەشداربوو سوودیان لەو خولانە بینیووە (داتای وەرگیراو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان/ وەزارەتی پلاندانان، ٢٠٢٣).

### ٣.٢.٣ ڕۆڵی کۆیکا لە بە ئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە پرۆسەی بە ئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکانی کردووە لەژێر سەرپەرشتیاری فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ئەویش لەڕێگەی ڕاگەیاندنی یەکەم ستراتیژی وەچەرخانی دیجیتاڵی لەلایەن بەڕێز مەسروور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەساڵی ٢٠٢٢ ڕاگەیەندرا. ئەم ستراتیژییەتە جەخت لەسەر پێویستی تەواوی حکومەت دەکاتەوە بە گۆڕانکاری دیجیتاڵی بۆ ڕێکخستنی کارەکانی حکومەت بەشێوەیەکی باشتر. کە بووە هۆی دامەزراندنی دۆمەینی کوردستان DotKRD. ئەم ستراتیژییەتە سیستەمەکانی زانیاری دانیشتوان (PIS) بۆ بەڕێوەبردنی داتا دیمۆگرافییەکان، سیستەمی بەڕێوەبردنی ڤیزە (VIMS) بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڤیزە، سیستەمی زانیاری گەرەنتیکەر (GIMS) بۆ لێپرسینەوەی دارایی و سیستەمی بەڕێوەبردنی چوونە ژوورەوە و دەرچوون (EEMS) بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشیسنوورەکان دەگرێتەوە. هەر لەم چوارچێوەیە حکومەتی هەرێم لیستی وەستانی نیشتیمانی (NSL) ناساند بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتیمانی، جگە لە سیستەمی تۆمارکردنی بازرگانی لەپێناو ئاسانکاریکردن و پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی. هەروەها سیستەمی بەڕێوەبردنی مووچە (PMS) لەپێناو بەڕێوەبردنی شەفافانەی مووچە دانەدرا. سیستەمەکانی نوێکردنەوەی زانیاری(IUS) ، خزمەتگوزاری ناوەندی ڕەسەنایەتی (CAS) و سکاڵای هاوڵاتی (CCS) بۆ تۆمارکردنی دەنگی هاوڵاتیان بۆ چارەسەری کێشەکان گرنگترین هەنگاو بوون لەو چوارچێوەیە. جگە لەوانەش حکومەتی هەرێم وەبەرهێنانی لە سیستەمی ژمێریاری دارایی، سیستەمی پشتیوانی دیجیتاڵی حکومەت(GDSS) ، سیستەمی زانیاری بایۆمەتری (BIS) و سیستەمی ناسینەوەی شۆفێری تەکسی و سیستەمی بە ئەلیکترۆنیکردنی گرێبەستە گشتییەکان (e-procurement) دا دروستکرد. ئەو سیستەمانە ڕەنگدانەوەی باشی هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە حکومییەکان و گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان بەرەو سەردەمێکی پێشکەوتوو لە ئایندەدا.

کۆریای باشوور ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پرۆسەی بە دیجیتاڵکردن، لەساڵی ٢٠٠٤ەوە ئەو ڕۆڵەی دەستپێکردووە لەڕێگەی کۆیکا. ئەم ئاژانسە ڕۆڵێکی سەرەکی بینیووە لە پاڵپشتیکردنی حکومەتی هەرێم لەو بوارەدا. گرنگترین کاری لەو بوارەدا دامەزراندنی دامەزراوەیەکی ڕاهێنانی تەکنەلۆجیای زانیارییە کە لە ئێستادا بەشێکی گرنگە لە باڵەخانەی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری هەرێمی کوردستان. سەرەڕای دامەزراندنی ئەو سەنتەری ڕاهێنانە، کۆیکا چەندین ڕاهێنانی بەرفراوانی پێشکەشکردووە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی توانا دیجیتاڵییەکانی کارمەندانی حکومەت کە ڕۆڵی گرنگی بینی لە بەدیجیتاڵکردنی حکومەتی هەرێم. کۆیکا بەردەوامە لە پاڵپشتیکردنی ئەو ڕەوتە دیجیتاڵیکردنە (بەزاز، ڕیشان ٢٠٢٣). لە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بەڕێز ڕوی جیبیون/ جێگری کونسوڵی گشتی کۆماری کۆریا لە هەولێر و بەڕێز کۆ هی سوک نوێنەرایەتی نیشتەجێی ئۆفیسی کۆیکا لە هەولێر زۆر جەختی خۆیان لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەکانیان دەکردەوە لەبواری بە ئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم (چاوپێکەوتنەکانی: - جیبیون، ڕوی ٢٠٢٣ & سوک، ٢٠٢٣).

### ٣.٢.٤ بەرنامەی سکۆلەرشیپی کۆیکا بۆ فێرخوازانی ماستەر و دکتۆرا

بەرنامەی سکۆلەرشیپ یەکێکە لەو بەرنامانەی کە پسپۆڕی دەدات بە بەشداربووانی بیانی. کۆریاش یەکێکە لەو وڵاتانەی وەک هەر وڵاتێکی تری ئاسایی ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکات. یەکێک لەو دامەزراوانەی کە بەرنامەی سکۆلەرشیپی کۆیکا لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات بەشێوەیەکی کارا، نوسینگەی کۆیکایە. کە لێرەدا ئامانجی بەدەستهێنانی هیچ سوودێک نییە لە هەرێمی کوردستان تەنها پاڵپشتی خوازیارانی ماستەر و دکتۆرا دەکات تا بتوانن پسپۆڕی لە بابەتە جۆراوجۆرەکان لە کۆریا وەرگرن. ئەو دەرفەتەش بۆ کارمەندانی کەرتی گشتییە تاوەکو توانایەکی باشتریان هەبێت کە گەڕانەوە بنە ڕێبەر لە پسپۆڕی خۆیان تاوەکو خزمەتی دامەزراوە گشتییەکانی حکومەتی پێبکەن و کەسانی تریش لەدوای خۆیان پێبگەیەنن. ئەو پرۆگرامەی کۆیکاش لەڕێگەی دابینکردنی کورسی نییە، بەڵکو

سیستەمێکی پێشبڕکێیەکی نێودەوڵەتییە و مەرجی وەرگرتن دەرچوونە لە چاوپێکەوتن و قۆناغەکانی پرۆسەی وەرگرتنەکە. لەساڵی ٢٠٠٤ەوە نزیکەی ٥٠٠٠ قوتابی و ڕاهێنەری هەرێمی کوردستان لە کۆریا پێگەیاندووە و سوودمەندبوونە لەو سکۆڵەرشیپ و کۆرسی ڕاهێنانانەی کە کۆیکا دابینی کردبوون (سوک، ٢٠٢٣). لەساڵی ٢٠٠٦ بۆ یەکەمجار پرۆگرامی سکۆڵەرشیپی دیپلۆمی باڵا لەلایەن کۆیکا بۆ خوازیارانی کەرتی گشتی حکومەتی هەرێم ڕاگەیەندرا لەژێر ناونیشانی (پرۆگرامێکی پرۆفیشناڵ لەسەر سیاسەتی ئابووری) کە ماوەی خوێندنەکە ١٣ مانگ بوو، یەکەم پرۆگرام بوو ٨ فەرمانبەری سەر بە وەزارەتە جیاوازەکان بەشداربوون تێیدا (General Directorate of Development Cooperation and Coordination/ Ministry of Planing KRG 2010: P. 30). بەپێی داتای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و هەروەها دیمانە لەگەڵ جێگری کونسوڵی گشتی کۆماری کۆریا لە ئێستادا پێنج قوتابی خوێندنی باڵا لە کۆریا دەخوێنن لەچوارچێوەی پرۆگرامە جیاوازەکانی کۆریای باشوور لەبواری سکۆڵەرشیپ (داتای وەرگیراو لە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان/ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠٢٣ & جیهیون، ڕوی ٢٠٢٣). دوو قوتابی لەڕێگەی بەرنامەی سکۆڵەرشیپی کۆیکا لە ئێستادا لە پرۆسەی خوێندندان (سوک، ٢٠٢٣).

کەواتە کۆیکا لە هەرێمی کوردستاندا لەبوارەکانی هاوکاری دەرەکی زۆر کاری کردووە کە ئەمە لەچوارچێوەی هێزی نەرم دەکرێت وەک سەرچاوەیەک شیبکرێتەوە. هەروەها دەردەکەوێت لەبواری کارگێڕی گشتی بەشێوەیەکی بەرچاو کار و چالاکی ئەنجامداوە. کە ئەمەش بەرزکردنەوەی توانای سەرچاوە مرۆییەکانە. بەرزکردنەوەی ئاستی کارمەندانی کەرتی گشتی حکومەتی هەرێم لەڕێگەی ڕاهێنانە بەردەوامەکانی کۆیکا لە هەرێمی کوردستان و کۆریا کە پێشتر ئاماژە بە ژمارەی بەشداربووان دراوە. هەروەها ئەوەی کە کاری گرنگتری کۆیکایە بە دیجیتاڵکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمە بۆ دروستکردنی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی. سەرەڕای ئەوەش کۆیکا تاوەکو ئەزموونی خۆی زیاتر بەرووی هەرێمی کوردستان بناسێنێت بەرنامەی ساڵانەی سکۆڵەرشیپی هەیە کە ساڵانە خوازیارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا سوودمەند دەبن لیی و لەڕێگەیەوە لەلایەن پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکانی کۆریاوە بە ئەزموونێکی کارا فێردەکرێن. کەواتە هەموو ئەوانە دەیسەلمێنێت کە کۆریا خاوەن سەرچاوەیەکی بەهێزی هێزی نەرمە لە هەرێمی کوردستان و ئەو سەرچاوانەش بەشێوەیەکی زۆر کارا بەکاردەهێنێت. کۆیکا یەکێکە لەو دامەزراوە سەرەکیانەی کە کۆریا سەرچاوەکانی هێزی نەرمی خۆی لەڕێگەیەوە بەکاردەخات وەک جیبەجێکەری سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە ئاستی دەرەوە.

## دەرەنجام

هێزی نەرم ئامرازێکی کاریگەر و سەردەمیانەیە، کە جێگای گرنگپێدانی زۆرێک لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکانە. دەوڵەتان چیتر بەتەنها لەڕێگەی هێزی سەربازی و ئابووری ناتوانن کاریگەربن، هاوشانی ئەوەش دەبێت بایەخ بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هێزی نەرم بدەن وەک: سەرنجڕاکێشی کلتووری، بەها سیاسییەکانی وەک ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی و نیشاندانی جوانی و سەرنجڕاکێشی دەوڵەتەکەیان بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر دەوڵەتانی تر و گەلەکانیان.

کۆریای باشوور دەوڵەتێکی پێشکەوتووە، زۆر گرنگی بە بەکارهێنانی هێزی نەرم دەدات لە سیاسەتی دەرەوەیدا، بەشێوەیەک کە پێشبڕکێی ئەمریکا و یابان و چین دەکات لەو بوارەدا. کۆریا چەندین ئاژانس و دامەزراوە و ستراتیژییەت بەکاردەهێنێت بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هێزی نەرم. حکومەتی کۆریا پاڵپشتی بەردەوامی چالاکییە کلتوورییەکانی گرووپەکان و دامەزراوەکان دەکات. کۆیکا یەکێکە لەو ئاژانسە نێودەوڵەتییانەی کۆریا کە سەر بە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆریایە. حکومەتی کۆریا هەموو پاڵپشتییەکی ماددی و مەعنەوییەکی ئەو ئاژانسە دەکات. کۆیکا ڕێژەیەکی بەرزی هاوکارییەکانی ODA دابین دەکات و بەشێوەیەکی سەرەکی هاوکاری پێشکەشی ئەو وڵاتانە دەکات کە لەسەرەتای قۆناغی گەشەکردندان.

کۆیکا لە عێراق دوو نوسینگەی هەیە، یەکێکیان لە بەغداد و ئەوی تریشیان لە هەرێمی کوردستان/ هەولێرە. کۆیکا لەساڵی ٢٠٠٤ نوسینگەی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە و دەرفەتی کارکردنی لە هەرێمی کوردستان بۆ دەڕەخسێت. کۆیکا لەدوای دەستبەکاربوونی لە هەرێمی کوردستان چەندین بەرنامەی کار و پرۆژە و چالاکی ئەنجامداوە. ئەو چالاکییانە بەشێکیان لەبواری کارگێڕی بوون، وەک: ڕاهێنان کردن بە کارمەندان و بەرپرسانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان و لە کۆریاش لەبوارەکانی ڕاهێنانی کارگێڕی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە کاروباری بەڕێوەبردن، بەمەبەستی ئاشناکردنیان بە ئەزموونی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان تاوەکو هەمان نموونە و ئەزموون لە هەرێمی کوردستان جیبەجێبکرێت. دامەزراوەی کیپا کە ڕاهێنان بە کارمەند و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەکات، نموونەیەکی زیندووە کە کۆیکا ڕۆڵی سەرەکی دامەزراندن و ڕاهێنانپێکردنی ستافی یەکەمی ئەو دامەزراوەی کردووە و لە ئێستاشدا ئەو دامەزراوەیە لەلایەن حکومەتی هەرێم بەڕێوەدەبردرێت. بەڵام لە هەماهەنگی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆیکا بەردەوامن. ئەمە جگە لە هاوکارییەکانیان بۆ بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە،..هتد. هەروەها ساڵانە بەرنامەی سکۆڵەرشیپی هەیە بۆ خوازیارانی ماستەر و دکتۆرا لە کەرتی گشتی. هەموو ئەو چالاکییانە وادەکەن کە کۆیکا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی هێزی نەرمی کۆریا لە هەرێمی کوردستان کاربکات و ببێتە یەکێک لە سەرچاوەکانی هێزی نەرمی کۆریا لە هەرێمی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردیەکان

یەکەم:کتێب

- حسین، شەماڵ ٢٠١٨، سیاسەتی دەرەکی: لەگەڵ چەند نموونەیەک لە سیاسەتی دەرەکی(ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران و تورکیا)، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر .
- هەینی، شێرزاد ٢٠٠٧، کۆریا: پێناسە و شارەزابوونی وڵات و میللەتی کۆریایە، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

دووەم: ڕۆژنامەكان

- ڕۆژنامەی خەبات، ١٥ی تشرینی یەكەم ٢٠٠٣، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق داوا لە وڵاتانی جیهان دەكات هاوكاری بنیاتنانەوەی عێراق بكەن، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (١٢٦٩).

- شرق الاوسط، ٥ی نیسانی ٢٠٠٤، ٣٠٠٠ سەربازی كۆریای باشوور بۆ هەولێر و سلێمانی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (١٤٠٣).

- فرانس پرێس،٣٠ی ئایار ٢٠٠٤، ئەمڕۆ شاندێكی سەربازی كۆریای باشوور دەگاتە كوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٤٥٣.

- حیدر، كارزان ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠٠٤، ژەنەڕاڵ هوانگ:هاتووین لەگەڵ كورد ببینە دۆست و پێكەوە كوردستان ئاوەدان بكەینەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٥٦٨.

- حیدر، كارزان & علی، ڕۆشنا، ١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤، پڕۆژەكانی هێزەكانی كۆریای باشوور لەماوەی دوو ساڵدا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٦٢١.

- حیدر، كارزان، ٢٨ی تشرینی دووەم ٢٠٠٤، لە یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری تیپی زەیتونی كۆری جامی زەیتونی بۆ تۆپی پێ كردەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٦٣٣.

- جەلال، بەهادین، ٢٩ی كانوونی یەكەم ٢٠٠٤، كردنەوەی سەنتەری زەیتوون بۆ ڕاهێنانی پیشەیی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٦٦٤.

- ئاژانسەكان، ١١ی ئاداری ٢٠٠٥، كۆریای باشوور بنكەیەكی مەشقپێكردنی لە هەولێر دەكاتەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٧٣٣.

-- قادر، محمد ئەمین ٢ی ئایاری ٢٠٠٥، تیپی زەیتون، پردێك لەنێوان دوو گەلی ئاشتیخوازدا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٧٨١.

سێیەم:چاوپێكەوتنەكان

-كاكەیی، ناز فەلەكەدین ٢٠٢٢، كار و پڕۆژەكانی تیپی زەیتوون لە هەولێر، چاوپێكەوتن لەگەڵ ناز فەلەكەدین كاكەیی- بەڕێوەبەری كتێبخانەی گشتی هەولێر، كتێبخانەی گشتی هەولێر، ٩ی مارس، كاتژمێر ١٠:٠٥.

-- جیبیون، روی ٢٠٢٣، كار و پڕۆژەكانی كۆریای باشوور لە هەرێمی كوردستان لەدوای ٢٠٠٣، چاوپێكەوتن لەگەڵ بڕوی جیبیون/ جێگری كونسوڵی گشتی كۆماری كۆریا لە هەولێر، كونسوڵخانەی گشتی هەولێر، ١ی ئاب، كاتژمێر: ١١:٠٠.

- سوك، كۆ هی ٢٠٢٣، ئۆفیسی- كۆیكا لە هەولێر: كار و پڕۆژەكانی، چاوپێكەوتن لەگەڵ كۆ هی سوك نوێنەرایەتی نیشتەجێی ئۆفیسی كۆیكا لە هەولێر، ئۆفیسی كۆیكا لە هەولێر، ١٤ی ئاب، كاتژمێر: ٣:٠٠.

-بەزاز، ڕێڤان ٢٠٢٣، بە ئەلیكترۆنیكردنی دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ڕۆڵی كۆیكا لەو پرۆسەیەدا، چاوپێكەوتن لەگەڵ ڕێڤان بەزاز، بەڕێوەبەری كارەكانی دۆمەینی كوردستان KRD، فەرمانگەی تەكنەلۆجیای زانیاری/ حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٣ی ئەیلوول، كاتژمێر: ١٢:٠٠.

چوارەم:داتا وەرگیراوەكان

- داتای وەرگیراو لە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەكان/ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ٢٠٢٣، داتاكان سەبارەت بە ژمارەی ئەو قوتابیانەی خوێندنی باڵا كە لە كۆریا لەڕێگەی سكۆڵەرشیپەكانی كۆریا لە كۆریا دەخوێنن لە ساڵی ٢٠٢٣، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢١ی حوزەیران.

- داتای وەرگیراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری و هەماهەنگی پەرەپێدان/ وەزارەتی پلاندنان ٢٠٢٣، داتاكان سەبارەت بە كاروپڕۆژەكانی كۆیكا لە ٢٠٠٤ەوە هەتاوەكو ٢٠٢٣، وەزارەتی پلاندانان، ٨ی ئاب.

سەرچاوە عەرەبییەكان

یەكەم:كتێب

- توفيق، سعد حقي ٢٠١٨، مبادئ العلاقات الدولية، المكتبة القانونية، بغداد.

- معوض، علي جلال ٢٠١٩، مفهوم القوة الناعمة وتحليل السياسة الخارجية، مكتبة الأسكندرية/ مركز الدراسات الستراتيجية، مصر. مشاهدتها ٧كانون الأول ٢٠٢٣، ٢٢:٣٨،
https://www.bibalex.org/Attachments/Publications/Files/20190 21809593447089_Final.pdf .

- الحاج حسن، علي محمد ٢٠١٨، الحرب الناعمة الأسس النظرية و التطبيقية (سلسلة مصطلحات معاصره)، المركز الأسلامي للدراسات الأستراتيجية العتبة العباسية المقدمة. مشاهدتها ٧كانون الأول ٢٠٢٣، ٢٢:٤١، https://www.iicss.iq/files/files/5ajwcdt.pdf .

دووەم:نامەی ماستەر و تێزی دكتۆرا

- رحيم، ئاكو حمه كريم ٢٠١١، القوة الناعمة في العلاقات الدولية "دراسة تحليلية مقارنة"، أطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة السليمانية، السليمانية.

- الكعود، أياد خلف عمر ٢٠١٦، أستراتيجية القوة الناعمة ودورها في تنفيذ أهداف السياسة الخارجية الأمريكية في المنطقة العربية، رسالة الماجستير منشورة، جامعة الشرق الأوسط، عمان، مشاهدتها ٧كانون الأول ٢٠٢٣، ٢٢:٤٥ https://meu.edu.jo/libraryTheses/586b52ba0d945_1.pdf .

- اليامنة، شبلي ٢٠١٩، التحول في المفهوم الأمريكي للقوة وانعكاساته على النظام الدولي، رسالة الماجستير، جامعة محمد نيضر، مشاهدتها ٧كانون الأول ٢٠٢٣، ٢٢:٥١ http://archives.univ-

. biskra.dz/bitstream/123456789/14294/1/chebli_lyamna.pdf

- الدهشان، سعيد كامل ٢٠١٧، التجربة الأقتصادية التنموية لكوريا الجنوبية:دروس مستفادة، رسالة الماجستير، بكلية التجارة في الجامعة الأسلامية بغزة، غزة. مشاهدتها ٧ كانون الأول ٢٠٢٣، ٢٢:٥٩ . http://thesis.mandumah.com/Record/295390

سێیەم:گۆڤارە زانستییەکان

- حسين، أيمن عبد الكريم ٢٠١٦، القوة الناعمة وتوظيفها في االستراتيجية األمريكية الشاملة تجاه الشرق األوسط، حصاد البيان/ مركز البيان للدراسات والتخطيط، سلسلة ٨، https://www.bayancenter.org/2016/07/2321/ ، مشاهدتها ٨ كانون الأول ٢٠٢٣، ٢٣:٤٣

- الشامسي، محمد سيف ٢٠٢٠، تعظيم القوة الناعمة لدولة اإلمارات العربية المتحدة، مجلة جامعة الشارقة للعلوم اإلنسانية واالجتماعية، ملجلد ١٧. https://spu.sharjah.ac.ae/index.php/HSS/article/view/2128 ، مشاهدتها ٧ كانون الأول ٢٠٢٣، ٢٣:٣٥

- سليم، رجاء ٢٠٢١، تعزيز دور الدبلوماسية الشعبية لتفعيل القوى الناعمة لمصر، مركز المعلومات ودعم أتخاذ القرار، العدد: (١٩).

- التل، أ. بيدر ٢٠١٧، العلاقة بين الديموقراطية والتنمية الأقتصادية: دراسة لحالتي كوريا الجنوبية و تايوان، مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث والدراسات، العدد ٤١، ص. ص. ٩١-١٠٤. https://journals.qou.edu/index.php/jrresstudy/article/view/551 ، مشاهدتها ٧ كانون الأول ٢٠٢٣، ٢٣:٣٢.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

یەکەم:کتێب

-Nye, S Joseph 2023, Soft Power and Great Power Competition: Shifting Sands in the Balance of Power Between United States and China, Springer, Singapore. https://link.springer.com/book/10.1007/978-981-99-0714-4 , Accessed on 7 December 2023, 11:40.

- Nye, S Joseph 2004, Soft Power: The Means To Success in World Politics, Public Affairs, New York. https://www.academia.edu/28699788/Soft_Power_the_Means_to_Success_in_World_Politics_Joseph_S_Nye_Jr , Accessed on 7 December 2023, 11:59.

- Kim, Hun Shik 2017, When Public Diplomacy Faces Trade Barriers and Diplomatic Frictions: The Case of the Korean Wave, Macmillan. https://link.springer.com/article/10.1057/s41254-017-0076-4 , Accessed on 8 December 2023, 00:05.

- Lew, Young Ick 2000, Brief History of Korea (A Birds Eye View), The Korean Society, New York.

- Seth, Michael J. 2011, A History of Korea/From Antiquity to The Present, Rowman and Littlefield Publishers Inc, USA.

- Gardiner, K. J. H 1969, The Early History of Korea, Australian National University Press (ANU), Cambera.

- The China-Japan-Korea Common History Text Tri-National Committee 2010, A History to Open The Future, Minimum Ltd.

- Moon, Chung-In 2012 , The Sunshine Policy (In Defense of Engagement as a Path to Peace in Korea), Yonsei University Press, Seoul.

- Jochheim, Ulrich 2022, The Political System of the Republic of Korea, EPRS(European Parlimentary Research Service), European Parliament. https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/BRIE/2022/733582/EPRS_BRI(2022)733582_EN.pdf , Accessed on 8 December 2023, 00:35.

- Middleton, Lawrence 1997, South Korean Foreign Policy, in, Dae Hwan Kim and Tat Yan Kong, The Korean Peninsula in Transition, New York, Palgrave Macmillan, Basingstake, UK.

- Lee, Guen 2018, Strengthening the National Assemblys Influence on South Korean Foreign Policy, in : Scott A. Synder, Guen Lee, Young Ho Kim, and Jiyoon Kim, Domestic Constraints on South Korea-Foreign Policy, Council on Foreign Relations, New York, PP. 4-19.

Kim, Yuna 2022, The soft Power of the Korean Wave: -Parasite, BTS and Drama, Routledge, London and New York.

- Koshini, Weston S. & Manyin, 2009, Mark E., South Korea: Its Domestic Politics and Foreign Policy Outlook, Cngressional Research Service, https://www.everycrsreport.com/files/20090930_R40851_09ad

0e554d10bc4d9e289c0026d43b0ebada4425.pdf , Accessed on 8 December 2023, 00:55.

دووەم:نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

- Jakobsen, Sinne Brandt 2015, The Value of Political Values:An Exploration into the Communication of Political Values by Coalition Government Parties, PHD thesis, Arhus University, Aarhus. https://phd.au.dk/fileadmin/PhD_thesis_Sinne_Brandt_Jakobsen.pdf , Accessed on 8 December 2023, 05:25.

- Jung, Hyeri 2017, Transcultural Media and the Soft Power of the Korean Wave: A Reversed Ethnographic Approach to U.S. Fans Reception of Korean Popular Culture, PHD Thesis, University of Texas, Austin. https://core.ac.uk/download/pdf/211334116.pdf , Accessed on 8 December 2023, 23:41.

- Baek, Unji 2014, South Korean Perceptions of Soft Power: How The Hanguk-in See Themselves in the World, Master Thesis, Auburn University, Auburn, , https://etd.auburn.edu/handle/10415/4217 . Accessed on 8 December 2023, 00:25.

- Pallaver, Matto 2011, Power and Its forms:Hard, Soft and Smart, Master Thesis, London School of Economics. https://etheses.lse.ac.uk/220/1/Pallaver_Power_and_Its_Forms.pdf , Accessed on 8 December 2023, 05:28

- Zheng, ChengXuan 2019, Chinas Soft Power Construction in South East Asia Since the 21st Century, A thesis, China and International Relations. https://projekter.aau.dk/projekter/files/304714851/China_s_Soft_Power_Construction_in_Southeast_Asia_Since_the_21st_Century.pdf , Accessed on 8 December 2023, 05:31.

- Maloverjan, Rahel 2021, South Koreas National Role Conceptions in its Foreign Policy Towards European Countries, Master Thesis, Lund University, Center for East and South -East Asian Studies, https://lup.lub.lu.se/student-papers/search/publication/9067310 , Accessed on 8 December 2023, 05:43.

- Luguusharav, Byambakhand 2011, Soft Power in the Context of South Korea, Master Thesis at the Department of International Relations and European Studies, Central European University. https://www.etd.ceu.edu/2011/luguusharav_byambakhand.pdf , Accessed on 8 December 2023, 05:46.

- Barden, James 2019 , a SuperPower Between Superpowers: How Post-Cold War South Korea Leveraged Pop Culture into Soft Power, Master Thesis at the Liberal Arts, Harvard University. https://dash.harvard.edu/bitstream/handle/1/42004231/BARDEN-DOCUMENT-2019.pdf?isAllowed=y&sequence=1 , Accessed on 8 December 2023, 05:50.

سێیەم:گۆڤارە زانستییەکان

Nye, S Joseph 2004, Soft Power and American Foreign - Policy, Political Science Quarterly Journal, Vol. 119. Accessed: December 2, 2023. https://is.cuni.cz/studium/predmety/index.php?do=download&did=75231&kod=JMM704 .

- Nye, Joseph S. 2008, Public Diplomacy and Soft Power, American Academy of Political and Social Science, Vol. 616. https://www.jstor.org/stable/25097996 , Accessed on 8 December 2023, 05:55.

- Nye, Joseph S. 2014, The Information Revolution and Power, Current History, Vol 75. https://dash.harvard.edu/bitstream/handle/1/11738398/Nye-InformationRevolution.pdf , Accessed on 8 December 2023, 06:00.

- Nye, Joseph S. 2020, What is a Moral Foreign Policy?, Texas National Security Review, Vol. 3. https://tnsr.org/2019/11/what-is-a-moral-foreign-policy/ , Accessed on 8 December 2023, 06:05.

- Shao, Jingkai 2019, Exploring Chinas “Sharp Power” Conceptual Deficiencies and Alternatives, Graduate School of International Culture and Communication Studies, Trans Communication, Vol. 6. https://www.researchgate.net/publication/335960974_Exploring_China's_Sharp_Power_Conceptual_Deficiencies_and_Alternatives , Accessed on 8 December 2023, 06:10.

- Lee, Geun 2009, A theory of soft power and Korea's soft

power strategy, Korean Journal of Defense Analysis, Vol. 21. https://www.researchgate.net/publication/233252523_A_theory_of_soft_power_and_Korea's_soft_power_strategy , Accessed on 8 December 2023, 06:15.

- Brito, Brigida Rocha 2010, Hard, Soft or Smart Power: Conceptual Discussion or Strategic Definition?, E-Journal of International Relations, Vol. 1. https://www.redalyc.org/pdf/4135/413536166011.pdf , Accessed on 8 December 2023, 06:20.

- Cumings, Bruce 1995, Divided Korea:United Future?, Foreign Policy Association, No. 30, Newyork, PP. (391-736). https://catalog.lib.msu.edu/Record/folio.in00004118366 , Accessed on 8 December 2023, 06:25.

- Mo, Jongryn 2016, South Koreas Middle Power Diplomacy: A Case of Growing Comutability Between Regional and Global Roles, International Journal, Vol. 7, No. 4, P.P. 587-607. https://www.jstor.org/stable/26414059 , Accessed on 8 December 2023, 06:30.

- Park, Mi Sook 2015, South Korea Cultural History Between 1960s and 2012, International Journal of Korean Humanities and Social Sciences, Vol. 1, P.P. (71-118).

- NurUllah, Mohammad , Biswas, Bikram & Miah, Mamun 2022, Assessing Institutional Support to Online Education at Tertiary Level in Bangladesh Coping with COVID-19 Pandemic: An Empirical Study, Journal of Digital Educational Technology, 2 (1), P.P. 1-11. https://www.researchgate.net/publication/350545915_Assessing_Institutional_Support_to_Online_Education_at_Tertiary_Level_in_Bangladesh_Coping_with_Covid-19_Pandemic_An_Empirical_Study , Accessed on 8 December 2023, 06:35.

- Song, Niu 2015, Islam and South Koreas Middle East Diplomacy, BAKS Papers (The British Association For Korean Studies, Vol. 16, P.P. 60-75. https://www.ejks.org.uk/download/pages-60-75-niu-song-islam-and-south-koreas-middle-east-diplomacy/?wpdmdl=1019&refresh=657338dd865ac1702050013 , Accessed on 8 December 2023, 06:40.

- Kim, Tae Young & Jing, Dal Yong, 2016, Cultural Policy in the Korean Wave: An Analysis of Cultural Diplomacy Embedded in Presidential Speachs, International Journal of Communication, Vol. 10. P.P. 5514-5534. https://ijoc.org/index.php/ijoc/article/view/5128 , Accessed on 8 December 2023, 22:07.

- Valieva, Julia 2018, Cultural Soft Power of Korea, Journal of History Culture and Art Research, Vol. 7, No. 4, P.P. 207-2012.

https://www.researchgate.net/publication/330153466_Cultural_Soft_Power_of_Korea , Accessed on 8 December 2023, 22:12 .

- John, Jojin V. 2015, Globalization, National Identity and Foreign Policy: Understanding “Global Korea”, The Copenhagn Journal of Asian Studies, 33, No. 2, P.P. 38-57. https://rauli.cbs.dk/index.php/cjas/article/download/4965/5392 , Accessed on 8 December 2023, 22:15.

- Varpahovskis, E. 2021, Knowledge Diplomacy as an Instrument of South Koreas Foreign Policy: Theoritical Aspects and Practical Implementation in the Case of KOICA Scholership Program, RUDN Journal of Political Science, Vol. 23, No. 2, P.P. 265-278. https://www.sciencegate.app/app/document/download#10.22363/2313-1438-2021-23-2-265-278 , Accessed on 8 December 2023, 22:47.

- Levkowitz, Alon 2013, South Koreas Middle East Policy, Mideast Security and Policy Studies, No. 106, Bar-llan University, Ramat Gan/Israel, P.P. 7-32. https://besacenter.org/wp-content/uploads/2013/12/MSPS106.pdf , Accessed on 8 December 2023, 22:47.

- Kalioski, Thomas & Hyekyung, 2012, Koreas search for a Global Role Between Hard Economic Interests and Soft Power, European Journal of Development Research, P.P. 242-260. https://www.researchgate.net/publication/227469141_Korea's_Search_for_a_Global_Role_between_Hard_Economic_Interests_and_Soft_Power , Accessed on 8 December 2023, 22:51.

- Ko, Sung-Bin 2006, South Korea s Search for an

Dependent Foreign Policy, Journal of Contemporary Asia, Vol. 36, No. 2, P.P. 285-273. https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/00472330680000151 , Accessed on 8 December 2023, 22:54.

چوارەم: ڕاپۆرت و پرۆشۆرەکان

General Directorate of Development Cooperation and - Coordination/ Ministry of Planing KRG 2010, Contribution of the Republic of Korea to Kurdistan Region from 2004 to the End of 2010, December. https://govkrd.b-cdn.net/Ministries/Ministry%20of%20Planning/English/Publications/Reports/Ministry%20Reports/1.%20General%20Directorate%20of%20Development%20Cooperation%20and%20Coordination.pdf , Accessed on 8 December 2023, 23:01.

- KOICA Prochure 2022, KOICA: Who We Are, Busan. https://www.koica.go.kr/koica_en/3499/subview.do , Accessed on 8 December 2023, 23:03.

- KOICA Annual Report 2022, 2021 KOICA Annual Strategical Report, https://koica.go.kr/koica_en/3492/subview.do . 3 October 2023, At:00:55.

- KOICA Erbil Office Prochure, 2023, KOICA in Kurdistan Region/ Iraq, Erbil.

پێنجەم: کۆنفرانس و پانێڵ

- Vuving, Alexander L. 2009, How Soft Power Works? Panel "Soft Power and Smart Power", American Political Science Association Annual Meeting, Toronto , September 3. https://dkiapcss.edu/Publications/Vuving%20How%20soft%20power%20works%20APSA%202009.pdf , Accessed on 8 December 2023, 01:12.

- Kwan, O. Yul 2010, Impacts of the Korean Political System on Its Economic Development: With a Focus On the Lee Myung-bak Government, A Report Presented at The Korea and the World Economy Ix Conference,University of Incheon, Korea, Jun 25. http://www.akes.or.kr/eng/papers(2010)/4.full.pdf , Accessed on 8 December 2023, 23:14.

- Han, Kim Sung 2012, Global Korea: Broadening Koreas Diplomatic Horizons, Korea Chair Platform/ Office of the Korea Chair, at the Center for Strategic and International Studies (CSIS), 27 July, Washington DC. https://www.csis.org/analysis/global-korea-broadening-koreas-diplomatic-horizons , Accessed on 8 December 2023, 23:17.

- Han, Keunsik, 2017, KOICA(Korea International Cooperation Agency), North-East Asia Development Cooperation Forum, ODA Research Center, ODA Academy, September . https://dokumen.tips/documents/north-east-asia-development-keunsik-han-director-oda-research-center-oda.html?page=1 , Accessed on 8 December 2023, 23:24.

شەشەم: وێبسایت و ئینتەرنێت

Library of Congress 2005, Country Profile:South Korea, - Federal Research Division, https://www.marines.mil/portals/1/Publications/South%20Korea%20Profile.pdf , Accessed on 8 December 2023, 01:10.

- KOICA Formal Website, 2023, KOICA Open Data Portal, https://www.koica.go.kr/koica_en/3386/subview.do , 3 October 2023, At: 00:52.

- United Nations Website 2023, Korea International Cooperation Agency (KOICA), https://forest-finance.un.org/content/korea-international-cooperation-agency-koica , 3 October /2023, At: 00:42.

سەرچاوە تورکییەکان

یەکەم::نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

- Üzmez, Adnan 2006 ,Ikinci Dünya Savaşi ndan Sonra Gelişen Olaylarin Isiğinda Kore Savaşi ve Türkiye, Yüksek Lisan Tezi, Istanbul Üniversıtesı, Istanbul. http://nek.istanbul.edu.tr:4444/ekos/TEZ/41648.pdf , 8 Aralık 2023, 01:01.

سێیەم: گۆڤارە زانستییەکان

Bakır, Abdulhalik & Oğuz, Ebru, 2019, Ortaçağ Koresinin - Tarihsel Geçmişi ve Endüsteriyel Hayatı, Cappadocia Journal of History and Social Sciences, Vol. 13, PP. 1-35. https://www.researchgate.net/publication/336848659_ORTACAG_KORE'SININ_TARIHSEL_GECMISI_VE_ENDUSTRI

YEL_HAYATI , 8 Aralık 2023, 01:08.

سەرچاوەی کۆری

یەکەم:گۆڤاری زانستی

김지윤 2022, KOICA 평가 체계 발전 - 과정과 향후 과제, 국제개발협력저널, 용량 7. 숫자 2, 페이지에서 페이지로 (105-120), 페이지 107-108. PDF 텍스트 사용 가능 : https://www.ejidc.org/archive/view_article?pid=jidc-17-2-105 , 3/10/2023, 00:03.

الملخص

تولي كوريا الجنوبية أهمية كبرى لاستخدام القوة الناعمة في سياستها الخارجية. في العصر الحديث، تُعد القوة الناعمة وسيلة أخرى لبناء نفوذ الدولة على المستوى الدولي. تم استخدام هذا المفهوم لأول مرة بعد الحرب الباردة من قبل جوزيف ناي لتحليل السياسة الخارجية للولايات المتحدة. وقد أثار النمو الاقتصادي والتكنولوجي السريع الذي حققته كوريا إعجاب الدول، وهي تتصدر تصنيفات مستخدمي القوة الناعمة بعد الولايات المتحدة واليابان والصين، حتى أنها تنافسها في بعض المجالات. وهي تستخدم العديد من المؤسسات والأدوات لممارسة قوتها الناعمة ودعمها ماليا ومعنويا بشكل فعال. تقوم كويكا بأنشطة تنموية دولية في جميع البلدان، وخاصة البلدان النامية. جميع أنشطة كويكا تقع في إطار القوة الناعمة وهي المصدر الرئيسي للقوة الناعمة لكوريا في جميع البلدان. ولديها حاليًا مكاتب في أكثر من ٤٦ دولة. ولها مكتبان في العراق، أحدهما في بغداد والآخر في إقليم كردستان (أربيل). لقد أتيحت للوكالة الكورية للتعاون الدولي فرصة العمل في إقليم كردستان منذ عام ٢٠٠٣ عندما جاءت إلى إقليم كردستان كجزء من مشروع التعاون وإعادة الإعمار. افتتحت مقرها الرئيسي في عام ٢٠٠٤، وكان لها منذ ذلك الحين تأثير كبير على نظام التعليم والصحة والإدارة والتنظيم في مؤسسات حكومة إقليم كردستان. عملت كويكا في مجال تقديم المساعدة والتدريب لموظفي القطاع العام والمسؤولين في حكومة إقليم كوردستان في كردستان وكوريا، فضلا عن افتتاح العديد من برامج المنح الدراسية لطلبة الماجستير والدكتوراه. بالإضافة إلى المشاركة في بعض البرامج التي قامت بها حكومة إقليم كردستان لمزيد من التطوير مثل: إنشاء مراكز التدريب وإلكترونية مؤسسات حكومة إقليم كردستان.

الكلمات المفاتيحة (القوة، القوة الناعمة، السياسة الخارجية، كويكا، التنمية الدولية).

Abstract

South Korea attaches great importance to the use of soft power in its foreign policy. In modern times, soft power is another way of building state influence at the international level. This concept was first used after the Cold War by Joseph Nye to analyze US foreign policy. Korea's rapid economic and technological growth has impressed countries and is at the top of the rankings of soft power users after the United States, Japan and China, even competing with them in some areas. It uses several institutions and tools to exercise its soft power and actively supports them financially and morally. KOICA is the most influential of the institutions through which Korea exercises its soft power strategy and belongs to the Korean Ministry of Foreign Affairs. KOICA conducts international development activities in all countries, especially developing countries. All of KOICA's activities are within the framework of soft power and is Korea's main source of soft power in all countries. It currently has offices in more than 46 countries. It has two offices in Iraq, one in Baghdad and the other in the Kurdistan Region (Erbil). KOICA has had the opportunity to work in the Kurdistan Region since 200٤ when it came to the Kurdistan Region as part of a cooperation and reconstruction project. It opened its office in 2004 and has since had a significant impact on the education system, health, administration, and management in the institutions of the Kurdistan Regional Government. KOICA has worked in the field of aiding, training to KRG public sector employees and officials in Kurdistan and Korea, as well as opening several scholarship programs for master's and doctoral students. In addition to participating in some of the programs that the KRG has undertaken for further development such as: establishing training centers and Digitalization of KRG institutions.

Keywords (Power, Soft Power, Foreign Policy, KOICA, International Development).